ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق

ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق

ناوەرۆکی، بنەڕەتی، تەگەرەکانی و ئاسۆی ئاییندەی



د. ئازاد عوسمان

ح

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق**

ناوەرۆکی، بنەڕەتی، تەگەرەکانی و ئاسۆی ئایندەی

- **نووسینی:** د. ئازاد عوسمان مامۆستا لە کۆلێژی یاسا و ڕامیاری (زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر)
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال ڕواندزی
- **بەرگ:** ڕێمان عەبدولجەبار
- **نرخ:** ١٥٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم** ٢٠١٣
- **تیراژ:** ٥٠٠ دانە
- **چاپخانەی** موکریانی (هەولێر)
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٥٣١) ساڵی ٢٠١٣ی پێی دراوە.

زنجیرەی کتێب (٧٧٥)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

ناوەرۆك

ناوەرۆکی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥)

یەکەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن ﴿واتە حکومەت﴾ هەنگاوی پێویست دەهاوێت بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی پێداویستەکانی هەموو بڕگەکانی ماددەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناخی گواستنەوە.

دووەم: ئەو بەرپرسییەی کەوتووەتە سەرشانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە حکومەتی گواستنەوەدا و لە ماددەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناخی گواستنەوە داهاتووە درێژدەبێتەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن ﴿واتە حکومەتی﴾ هەڵبژێردراو و بەردەوامدەبێت بە پێی ئەم دەستوورە تا بەتەواوی جێبەجێ دەکرێت (ئاساییکردنەوە، سەرژمێریی و کۆتایی دەهێت بە ڕاپرسیی لە کەرکووك و ئەو شوێنانەی دیکە کە کێشەیان لەسەرە بۆ دیارکردنی ویستی هاووڵاتیانیان) لە ماوەیەك ئەوپەڕەکەی ﴿ڕۆژی﴾ سی و یەکەمی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی دووهەزار و حەفتە.

کەواتە بنەڕەتی ماددەکە: ناوەرۆکی ماددە(٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناخی گواستنەوەیە

ناوەرۆکی ماددەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناخی گواستنەوە

(٨ ئادار ٢٠٠٤)

(أ) حکومەتی گواستنەوەی عێراقی، بەتایبەتی دەستەی باڵای چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکداری عەقاری و لایەنە پێوەندیدارەکانی دیکە، زۆر بەخێرایی، پێڕەوی ڕێوشوێن دەکەن، بۆ لابردنی ئەو ستەمەی کردەوەکانی ڕژێمی پێشوو بوونەتە هۆکاری و کەخۆی لە گۆڕینی باری دانیشتووانی ناوچەی دیاریکراودا دەنوێنێت، لەنێوانیاندا کەرکووك، لە ڕێگەی ڕاگوێزان و دوورخستنەوەی خەڵکی لە جێگەی نیشتەجێبوونیان، بەهۆی کۆچپێکردنی بەزۆر لەناو ناوچەکەدا یان بۆ دەرەوەی و نیشتەجێکردنی خەڵکی نامۆ (غەریب) لە ناوچەکە و بێبەشکردنی دانیشتووان لەکار، لەڕێگەی ڕاستکردنەوەی نەتەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم ستەمە، دەبێت حکومەتی گواستنەوەی عێراقی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بهاوێت:

١. لەبارەی دانیشتووانی ڕاگوێزراو و دوورخراوە و کۆچپێکراو و کۆچکردوو و بەگونجاویی لەگەڵ یاسای دەستەی باڵای چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکداری عەقاری و ڕێوشوێنە یاساییەکانی دیکە، پێویستە لەسەر حکومەت، لە ماوەیەکی پەسەندا، هەڵبستێت بە گەڕاندنەوەی

دانیشتووان بۆ نێو ماڵ و سەرو موڵکی خۆیان و ئەگەر ئەوەش نەرەخسا دەبێت حکومەت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە قەرەبوویانبکاتەوە.

٢. لەبارەی ئەو کەسانەی گوازراونەتەوە (هاوردراونەتە) جێگە و زەوی دیاریکراو، دەبێت حکومەت بە پێی ماددەی (١٠) یاسای دەستەی بالآی چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکداری عەقاری بڕیار لەسەر پرسەکانیان بدات، بۆ مسۆگەرکردنی نیشتەجێکردنەوەیان، یان وەرگرتنی قەرەبوو لە دەوڵەت، یان دانی زەوی دیکە پێیان لە لایەن دەوڵەت، لە نزیك جێگەی نیشتەجێبوونیان لەو پارێزگایانەی لێیانەوە هاتوون، یان مەسرەفی چوونەوەیان (گەڕانەوەیان) بۆ ئەو جێگەیانە پێبدرێتەوە.

٣. لەبارەی ئەو کەسانەی بێبەشکراون لە دامەزراندن وەك فەرمانبەر یان لە ئامرازی گوزەرانی دیکە بۆ ناچارکردنیان بە کۆچکردن لە جێگەی نیشتەجێبوونیان لە ناوچەکان و لەسەر زەوییەکانیان، پێویستە لەسەر حکومەت کەوا هانی پەیداکردنی دەرفەتی نوێی کار بدات بۆیان لەو جێگەو زەوییانە.

٤. بەڵام سەبارەت بە ڕاستکردنەوەی نەتەوە، پێویستە لەسەر حکومەت کە هەموو بڕیارە پەیوەندیدارەکان هەڵبوەشێنێتەوە، و ڕێگە بدات بە خەڵکی زەرەرمەند، لە مافی بڕیاردانی ناسنامەی نیشتمانی و ئینتیمای نەتەوەییان بێ زۆرلێکردن و فشار.

(ب) ڕژێمی پێشوو دەستکاریی سنوور و شتی دیکەی کردووە، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی. پێویستە لەسەر سەرۆکایەتی و

حکومەتی گواستنەوەی عێراقی راسپاردە پێشکێش بە کۆمەڵەی نیشتمانی بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گۆڕینە نادادپەروەرانە.ئەگەر ﴿دەستەی﴾ سەرۆکایەتی نەیتوانی بەکۆدەنگیی لەسەر کۆمەڵێك ڕاسپاردە ڕێکبکەوێت، دەبێت دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبسێت بە دامەزراندنی ناوبژیکارێکی(محکم) بێلایەن و بە کۆدەنگیی بەمەبەستی تاوتۆیکردنی بابەتەکە و پێشکێشکردنی ڕاسپاردە. ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی لە توانایدا نەبوو لەسەر ناوبژیکارێك ڕێکبکەوێت، دەبێت دەستەی سەرۆکایەتی داوا لە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ دەستنیشانکردنی کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی ناودار بۆ هەڵسان بە ناوبژیکاری داواکراو.

(ج) چارەسەریی کۆتایی زەوییە کێشەلەسەرەکان، لەنێوانیاندا کەرکووك، دوادەخرێت تا خاڵەکانی سەرەوە تەواودەبن و سەرژمێرییەکی دادپەروەرانە و روونی دانیشتووان دەکرێت و تا دەستوور پەسەند دەکرێت. دەبێت ئەم چارەسەرییە بە جۆرێك ئەنجامبدرێت، کە لەگەڵ بیروباوەڕی دادپەروەرییدا بگونجێت و ویستی دانیشتووانی ئەو شوێنانە لەبەرچاوبگرێت.

هەڵسەنگاندنێگی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق

تایبەت به گۆڤاری رۆژەڤ (Rojev)

لە تەمموزی ٢٠٠٧

پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد چ بکات بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠؟

لەم کاتە ناسکەی مێژووی هاوچەرخی کورد و پاشەڕۆژی دەوڵەتی عێراق، ئەم ماددە بنەڕەتییەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، بووەتە بابەتێکی گرنگی لێدوان و لێکۆڵینەوە لەناوەوە و دەرەوەی عێراق، جێبەجێکردنیشی بووەتە مەسەلەی یەکلاکەرەوەی: سنووری هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا، واتە چارەسەری بنەڕەتی دۆزی کورد لە عێراق بەتایبەتی و هەموارکردنی دەستووری عێراق بەپێی ماددەی (١٤٢) ی دەستوور و کاراکردنی دەستووری هەمیشەیی مەبیو و جووڵاندنەوەی پرۆسەی سیاسی وەستێندراو (لەلایەن کۆنە بەعسی و داردەستانی وڵاتانی دراوسێ لە نێو چەند فراکسیۆنێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە عێراقی نوێ بە گشتی.

لە سەرەتادا بەچاکی دەزانین چەند شتێك لەبارەی ماددەکە شیبکرێتەوە:

- ماددەی (١٤٠) ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی پەسەندکراو لەلایەن زۆربەی دانیشتووانی عێراق، نەك تەنیا چارەسەری مەسەلەی زوڵم و زۆری کراو لە خاك

و خەڵکی پارێزگای کەرکووك و قەزای مەخموور —لەلایەن ڕژێمی بەعسی فاشی - و مەسەلەی هەندێك لـە ناوچـە دابڕێنـدراوەکانی دیکـەی کوردسـتانی باشـوور هـەر لەسەرەتای دامەزراندنی پاشایەتی عێراقەوە (خانەقین و شێخان و شـەنگال) دەکـات، بەڵکو چارەسەری مەسەلەی دابڕاندنی بەشێکی گەورەی خاکی ناوەڕاستی عێراقیش - بەتایبەتی کەربەلا - دەکات، کە گرنگە بۆ دیارکردنی سنووری هـەرێمی ناوەڕاسـت، یان باشوور لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ.

- هـەردوو بڕگـەی مـاددەی (١٤٠)ی دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق بەستراونەتەوە بە هەر سێ بڕگەی ماددەی (٥٨)ی یاسـای کـاتی ئیـدارەی دەوڵـەتی عێراق و پەیوەستن بـە جێبـەجێکردنی نـاوەڕۆکی مـاددەی (٥٨) لەلایـەن هـەردوو حکومەتی گواستنەوە (ڕابردوو) و هەمیشەیی (ئێستا).

- میکانیزمی جێبەجێکردنی بڕگەی (ب) ی مـاددەی (٥٨)، کـە چارەسـەری سنوورە ئیدارییە "گۆڕاوەکان بە مەبەستی سیاسی" لە لایەن ڕژێمی بەعس دەکـات، بە پەناوپێچە. لەکاتێکدا دەبوا مەسەلەی ئەو سنوورە شـێواندراوانەی سـێ پارێزگـای کوردستان (کەرکووك و دهۆك و هەولێر) و پارێزگای کەربەلا لە ڕێگەی ڕەتکردنـەوەی ئەو بڕیارە ڕەگەزپەرست و تایفەگەرییانـەی ڕژێمـی بـەعس چارەسـەر بکرێـت، کـە لەسەردەمی حوکمرانی ستەمکارانەی بەم مەبەستە داویەتی (بەتایبەتی بڕیاری ژمارە ٤١ ی ساڵی ١٩٧٦ لەبارەی پارچەپارچەکردن و دابەشکردنی پارێزگـای کـەرکووك و گۆڕینی ناوی)، بەئاشکرا میکـانیزمێکی چارەسـەرکردنی ئـاڵۆزی تێـدا داڕێـژراوە: بەمەبەستی سەختکرنی لابردنی شوێنەواری سیاسەتی فاشیستانەی ڕژێمـی بـەعس، بەگرێـدانی چارەسـەرییەکە بـە مـەرجی ڕێکـەوتنی تێکـڕای ئەنـدامانی دەسـتەی

سەرکردایەتی کۆمار — واتە سەرکۆمار و هەردوو جێگرەکەی لەسەر پێشنیارێك یان حەکەمێك — یان بەنێودەوڵەتی (تدویل) کردنی مەسەلەکە!

- لە بڕگەی (ج) ی ماددەی (٥٨) باس لە دواخستنی چارەسەرکردنی کۆتایی ئەو "ئەردانەی کێشەیان لەسەرە بە کەرکووکەوە" تا پاش جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی سەرەوەی ئاسایی کردنەوە و سەرژمێرییەکی دادپەروەرانە و روون و تا پاش پەسەندکردنی دەستوور دەکرێت. هەروەها جەخت لەسەر چارەسەرکردنی مەسەلەکە بە شێوەیەك دەکرێتەوە، کە لەگەڵ بیروباوەڕی دادپەروەریی بگونجێت، بەرەچاوکردنی ویستی دانیشتووانی ئەو ناوچانە: واتە ئاشکرایە ئەگەری نەگەڕانەوەی ئەو شوێنانەی کوردستان کە ئێستا زۆربەی دانیشتووانی کورد نین بۆ چوارچێوەی هەرێمی فیدراڵی کوردستان وەك: بەدرە و جەسان و زرباتیە و جەلەولا و سەعدیە و شارەبان و تێلتاوە و بەلەدرۆز و زمار ... روون و ئاشکرایە، ئەگەر پرسیاری ئاراستەکراو لە ڕاپرسیی پێوەست بێت بە هاتنە ناو هەرێمی کوردستان.

- وادیارە (لێکدەدرێتەوە) کەوا دەستنیشانکردنی سێ قۆناخ لە بڕگەی دووەمی ماددەی (١٤٠) بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨) — ئاساییکردنەوە و سەرژمێریی و ڕاپرسیی - لەبەر ڕۆشنایی ناوەرۆکی بڕگەی (ج) ی ماددەی : (٥٨) میکانیزمی ئاڵۆزی جێبەجێکردنی بڕگەی (ب) ی ماددەی (٥٨) چاك دەکات و لەهەمان کاتدا بەرەچاوکرنی بڕگەی (ج) ی ماددەی (٥٨) سازش دەکرێت: لەسەر پێداگرتن لەسەر دیارکردنی سنووری هەرێمی کوردستان بە گوێرەی بەڵگەی مێژوویی و جوگرافی و سەرژمێریی کۆن (١٩٤٧ و ١٩٥٧)، چونکە نە لەبڕگەی (ج) ی ماددەی (٥٨) ی یاسای کاتی و نە لە ماددەی (١١٧) و نە لە ماددەی (١٤٠) ی دەستووری

هەمیشەیی باس لەم مەسەلەیە دەکرێت. تەنیا پێوەری ناوهێنراو لە بڕگەی (ج): لەبەرچاوگرتنی ویستی دانیشتووانە، لەبارەی ئەردی "ئەو شوێنانەی کێشەیان لەسەر هەیە بە کەرکووکەوە"، پاش ئەنجامدانی ئاساییکردنەوە و سەرژمێریی. هەروەها بێجگە لە کەرکوك ناوی شوێنەکانی دیکە نەهاتووە کە "کێشەیان لەسەر هەیە" - هەرچەندە بەشێکی ئەم کێشەیە ئاکامی بەزۆرلکاندنی کوردستانی باشورە بە دەوڵەتی عێراق و بەشی دووەمیشی حکومەتی بەعس بە ستەمی ئاشکرا دژی گەلی کورد دروستی کردووە و سەیرە کەکراوەتە کێشە لە نێوان گەلی کورد و لایەنێکی دیکە لە عێراقی نوێ! چونکە لە بواری یاساییەوە سازشە و ڕازیبوونە بە شێواز و ئەنجامی چارەسەرکرنی یاسایی کێشەی دانپێهێنراو لە نێوان دوو لایەن. هەروەها جۆری پرسیارەکەش، کە لە ڕاپرسیدا ئاراستەی خەڵکی دەکرێت، بە روونی دیارنەکراوە.

لەگەل ئەمانەش هێشتا هەندێك تەگەرە لەسەر ڕێگەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لە ماوەی دیاریکراوی خۆیدا هەن، چەند گرووپێکی ناوەکی و دەرەکی — کۆنە بەعسی و داردەستانی وڵاتە دابەشکەرەکانی کوردستان لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەروەها تورکیا و وڵاتە عەرەبییە سونییەکان و دەستەی بێکەر- هاملتۆن یان "گرووپی لێکۆڵینەوەی عێراق" (Iraq Study Group) و"گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی" (International Crisis Group) - بەبیانووی جۆراوجۆر و ناڕەوا داوای دواخستنی ماوەی جێبەجێکردنی یان هەموارکردنی یان گۆڕینی ماددەی (١٤٠) دەکەن.

هەرچەندە سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان سوورن لەسەر جێبەجێکردنی ماددەکە لە ماوەی دیاریکراوی خۆی دا: واتە

تا کۆتـایی مـانگی دیسـەمبەری ٢٠٠٧، و چـەند لیژنەیـەکیان بـۆ بەدواداچـوونی جێبەجێکردنی ماددەکە پێکهێناوە. بەڵام لەبەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لـە واقیعـدا هەن و چونکە جێبەجێکردنی تەواوی ماددەی (١٤٠) بەندە بە: ئەنجامدانی لـە سـێ قۆناخ (ئاساییکردنەوە و سەرژمێریی و ڕاپرسـیی)، لـە سـەر بنـەڕەتی خشـتەیەکی زەمەنی دیاریکراو بۆ هەر قۆناخێك، لە چوارچێوەی ماوەی دیـاریکراودا لـە بڕگـەی دووەمی ماددەکـە —واتـە تـا کۆتـایی سـاڵی ٢٠٠٧ چـونکە مـاوەی دانـراو بـۆ جێبەجێکردنی قۆناخی یەکەم(ئاساییکردنەوە) لە خشـتەی زەمـەنی جێبـەجێکردنی ماددەکە لە بەرنامەی حکومەتی هەڵبژێردراوی ئیئتیلافی عێراق لە کۆتـایی مـانگی حوزەیرانی ٢٠٠٧ بەسەرچوو، بەڵام هێشتا خاڵەکانی ١ و ٢ و ٣ ی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٥٨) بەتەواوی جێبەجێنەکراون و بڕگەی (ب)، کە بـە ڕای مـن گـرنگترین بڕگەی ماددەکەیە (لەبەر زۆر هۆی گرنگ) و بریتییـە لـە گەڕانـەوەی قـەزا و ناحیـە دابڕاوەکان لە پارێزگاکانی کەرکووك و هەولێر و دهۆك، دەبوایە تـا کۆتـایی مـانگی ئاداری ٢٠٠٧ ئەنجامبدرێت، جێبەجێنەکرا. هـەروەها هـیچ ئامادەکارییـەکیش بـۆ ئەنجامدانی قۆناخی دووەم(سەرژمێریی)، کە دەبێت تـا کۆتـایی ئـەیلوولی ٢٠٠٧ جێبەجێبکرێت، لە ئارادا نییە. بۆیە دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کورد بە شێوەیەکی واقیعی و شێوازێکی دیار لەتەك پێداگرتنی لەسەر جێبەجێکردنی ماددەکە لە کـاتی دیاریکراوی خۆیدا، هەنگاوی پێویستیش دەستنیشان بکات بـۆ: خۆئامـادەکردن بـۆ ئەگـەری دواکـەوتنی جێبـەجێکردنی تـەواوی چـەند خـاڵێکی قۆنـاخی یەکـەم (ئاساییکردنەوە) لەگەڵ قۆناخی دووەم (سەرژمێریی) و قۆناخی سـێیەم (ڕاپرسـیی)، یان چەند خاڵێکی قۆناخی یەکەم لەگەڵ قۆنـاخی سـێیەم، واتـە خـۆ چـونکە ئەگـەر

پلانێــك، یــان ڕێكــەوتنێك لەســەر جێبــەجێكردنی پاشمــاوەی قۆنــاخی یەكــەم (ئاســاییكردنەوە) نــەبێت (كــەماوەی دیــاریكراوی تــەواوبووە)، و قۆنــاخی دووەم (سەرژمێریی) لە مانگی تەمووز دەستی پێنەكرد و ڕەنگە لەكاتی دیاریكراوی خۆیـدا (واتە تا كۆتایی مانگی ئەیلول) تەواونەبێت. لەو حاڵەتەدا، لەوانەیە كاتی پێویسـت بۆ ئەنجامدانی قۆناخی سێیەم (ڕاپرسیی) تـا كۆتـایی مـانگی دێسـەمبەری ٢٠٠٧ نەمێنێت، و ئاواش جێبەجێكردنی تەواوی ماددەكە دوادەكەوێت، ئەگەر ڕێكەوتنێك و پلانێك لەمبارەیەوە نەبن بۆ بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێكردنی تـەواوی ماددەكـە پاش ماوەی دیاریكراو، واتە پاش كۆتایی سـاڵی ٢٠٠٧، ئـەوا مەسـەلەكە ئـاڵۆزتر دەبێت و میكانیزم و خشتەی زەمەنی جێبەجێكردنی پاشمـاوەی ماددەكـەش روون و یەكلاكەرەوە نابن.

لێرەدا من (وەك توێژەرێكی ئەكادیمی پسپۆر لە بواری دۆزی كورد) چەند خاڵێـك دەستنیشان دەكەم و داوا لەسەركردایەتی سیاسی كورد لە هەرێمی كوردستان دەكـەم كە بایەخی پێبدەن و - وەك وەڵامێـك بـۆ داوای (پـەیمانگا ی كوردسـتان بـۆ پرسـە سیاسیەكان لە هەولێر) بۆ هەڵسەنگاندنی با رودۆخەكە- ئاراستەی جەنابی سـەرۆكی هەرێمی كوردستان، ڕێزدار مەسعوود بارزانی دەكەم:

پێش باسكردنی سەرنج و پێشنیار بۆ هەردوو حاڵەت، دەبێت سێ تشت بەتەواوی روونبكرێنەوە: دامەزراندنی سەرۆكی نوێی لیژنەی جێبەجێكردنی ماددەكە بە زووترین كات، یەكلاكردنەوەی شیكردنەوەی میكانیزمی جێبـەجێكردنی هـەر سـێ قۆنـاخی ماددەكـە و جەختكردنــەوە لەســەر پابەنــدبوونی حكومــەتی عێراقــی فیــدراڵ بــە

خشتەیەکی زەمەنی دیاریکاوی رێککەوتوو لەسەری لە نێوان سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی حکومەتی عێراقی فیدراڵدا.

حاڵەتی یەکەم - لەپێناوی جێبەجێکردنی تەواوی ماددەکە لە ماوەی دیاریکراو دا:

أ- بۆ ئەوەی ماددەکە بە شێوەیەکی گشتی لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا، واتە تا کۆتایی ساڵی ۲۰۰۷ جێبەجێ بکرێت، دەبێت قۆناخی دووەم (سەرژمێریی) بەلای کەم لەسەرەتای مانگی ئەیلوولی ۲۰۰۷ دەستپێبکات و لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ۲۰۰۷ تەواوبێت. هەرچەندە لەپێناوی دەستپێکردنی جێبەجێکردنی قۆناخی دووەمی ماددەی ۱٤۰ (سەرژمێریی) دەبێت مەسەلەی جێبەجێنەکردنی تەواوی خاڵەکانی ۱ و ۲ و ۳ ی برگەی یەکەمی ماددەی (٥٨) —واتە قۆناخی یەکەم (ئاساییکردنەوە) —نەبێتە بیانوو، یان تەگەرە لەسەر رێگەی ئامادەکاریی و دەستپێکردن بە جێبەجێکردنی قۆناخی دووەم (سەرژمێریی)، بەڵام دەبێت پێش دەستپێکردنی سەرژمێریی برگەی (ب) ی ماددەی (٥٨) جێبەجێبکرێت، واتە پێش ئەنجامدانی سەرژمێریی قەزا و ناحیەکان بگەڕێنەوە ناو سنووری پارێزگاکان. (ئەگینا پارێزگای کەرکوك - بۆ نموونە- بە پارچەپارچەکراوی دەمێنێتەوە و رێژەی دانیشتووانی کوردیشی لە قەوارەی کەرکوکی بچووککراووە لەلایەن رژێمی بەعس بەکەمکراوەیی دەمێنێتەوە و ئاکامی سەرژمێری دروست نابێت، بەڵکو سلبی دەبێت بۆ کورد و کوردستان، چونکە مەسەلەکە مەسەلەی گشت پارێزگای کەرکووکە، نەك تەنیا شاری کەرکووك).

ب- دەبێت قۆناخی سێیەم (ڕاپرسیی) لە سەرەتای نۆڤەمبەر یـان دێسـەمبەری ٢٠٠٧ دەست پێ بکات، و لە کۆتـایی دێسـەمبەری ٢٠٠٧ جێبـەجێکردنی ئـەم قۆناخە ومادەدەی (١٤٠) بە گشتی تـەواوبێت. پاشمـاوەی خاڵـەکانی بڕگـەی یـەکی ماددەی (٥٨)یش —ئەگەر تا ئەو کاتەش جێبەجێنەکران، دەبێت لەساڵی داهـاتوو و لەماوەیەکی گونجاو و ڕێکەوتوو لەسەری جێبەجێبکرێت.

حاڵەتی دووەم - بۆ ئەگەری جێبەجێنـەکردنی هەرسـێ قۆنـاخی ماددەکـە لـە ماوەی دیاریکراو دا:

أ- ئەگـەر خاڵـەکانی بڕگـەی یەکـەمی مـاددەی (٥٨) —واتـە قۆنـاخی ئاسـاییکردنەوە -تـا کۆتـایی مـانگی تـەمووز، یـان ئـابی ٢٠٠٧ بەتـەواوی جێبەجێنەکران، یا لە ماوەی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی گشت ماددەکە - واتـە تـا کۆتایی دێسەمبەری ٢٠٠٧ - بەلای کەم ئەم کارانەی خوارەوە لە بڕگەی یەکەم ئەنجام بدرێن و ئەوانی دیکەش پاشان بە پێی ڕێکەوتنێك لە نێـوان سـەرکردایەتی سیاسـی کورد و لایەنی عێراقی بەرپرس لەسەر ماوەیەکی دیاریکراوی دی لـە سـاڵی ٢٠٠٨ تەواو بکرێن:

١- لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی خـاڵی یەکـەمی بڕگـەی یەکـەمی مـاددەی (٥٨)، ئاوارە گەڕاوەکان بۆ شار و گونـدەکانی خۆیـان —بـە تایبـەتی لـە پارێزگـای کەرکووك و قەزای شەنگال و ناحیەی مەندەلی —تاکۆتایی ئەمساڵ نیشتەجێ بکرێن یان ئەرز و کۆمەکی داراییان بۆ ئەم مەبەستە پێبدرێت.

٢- چوارچێوەی جێبەجێکردنی خاڵی دووەمی بڕگەی یەکـەمی مـاددەی (٥٨)، ئەو دانیشتووانە عەرەبە نامۆ هاوردانە و نیشتەجێکراوانەی ئارەزوومەندانە تا کۆتایی

ئەمساڵ دەگەڕێنەوە و قەرەبوودەکرێنەوە، یەکسەر کارتی تەموین و تۆمار (سجل) ی نفوسیشیان لەگەڵدا بگوازرێنەوە ئەو شوێنانەی پێشویان کە لێیـان هاتوونـە و بۆیـان دەگەڕێنەوە.

٣- لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی خـاڵی سـێیەمی بڕگـەی یەکـەمی مـاددەی (٥٨)، ئەو کەسانەی کاریان لەدەستداوە لە ئەنجامی دەربـەدەربوونیان بەتایبـەتی لـە کەرکووك و ئێستاکە بەتەمەنن یان نەماون، وەك بەدیلێکی واقیعی کەسـانی نزیکـی وان و بەتوانا بەرەبەرە و بەپێی پلانێکی گونجاو لە کۆمپانیای نەفت —کە تا ئێستاش ژمارەیەکی یەکجار کەم کارمەندی کورد تێیدا کاردەکەن - دابمەزرێن.

ب- لـە هـەموو حاڵەتێکـدا دەبێـت بڕگـەی (ب) مـاددەی (٥٨)، کـەماوەی جێبەجێکردنی لە کۆتایی مانگی ئادار بەسەرچـووە، لـە سـاڵی٢٠٠٧ دا جێبـەجێ بکرێـت، واچـاکە ئـەم بڕگـە زۆرگرنگـە تـا کۆتـایی مـانگی ئـەیلوولی ٢٠٠٧ جێبەجێبکرێت. دەبێت کۆتایی بە لەت لەتکردن و دابەشکردنی پارێزگای کەرکووك لە ساڵی ١٩٧٦ و دابڕینی قەزایەکی پارێزگـای دهـۆك لـە سـاڵی ١٩٧٥، و دابـڕینی قەزایەکی پارێزگای هەولێر لە ساڵی ١٩٩١ لە لایەن ڕژێمی پێشوی بەعس بهێنرێت. واتە دەبێت قەزاکانی دوزخورماتوو و کفری و چەمچەماڵ و کەلار و ناحیەکانی پردێ و شوان و قەرەهەنجیر و سەرگەڕان و هەموو گوندە وێرانکراوەکانیان بەفەرمی و واقیعی بگەڕێنەوە ناو سنووری ئیـداری پارێزگـای کـەرکووك وەك سـاڵی ١٩٦٨. هـەروەها دەبێت قەزای مەخموور بەفەرمی و واقیعی بگەڕێتەوە ناو سنووری ئیـداری پارێزگـای هەولێر وەك ساڵی ١٩٩٠، و قەزای ئاکرێ بەفەرمی بگەڕێتەوە ناو سـنووری ئیـداری پارێزگای دهۆك وەك ساڵی ١٩٧٤. لەم حاڵەتە دا هەرێمی کوردستانی دانپێهێنراو لە

دەستوور فراوانتردەبێت و دەكرێت دەست بە بنیاتنانی پالاوگەیەكی نەوتی مــەزن لــە مەخموور بكرێت. هەروەها ئەگەر سەرژمێریی و ڕاپرسییش دواكــەوتن یــان ڕاپرســیی دواكەوت بۆ پاش ساڵی ٢٠٠٧، ئەنجامی دواكەوتنەكە لەم حاڵەتەدا بۆ گەلی كورد لە پارێزگای كەركووك سلبی نابێت، بەڵكو ئەو كاتەش هــەر ئیجـابی دەبێـت، چـونكە ئەگەر سەرژمێریی دانیشتووان پاش گەڕانەوەی قەزاو ناحیەكان بۆ سنووری پارێزگـای كەركووكی ئەسلی رووبدات، ئەوا پتر لە ٧٠٪ ی دانیشــتووان كــوردن. بۆیــە نابێــت جێبەجێكردنی ئەم بڕگەیە بە هیچ شێوەیەك بۆ پاش ساڵی ٢٠٠٧ دوابخرێت.

ج - ئەگــەر چــەند خــاڵێكی بڕگــەی یەكــەمی مــاددەی (٥٨) بەتــەواوی و قۆناخەكانی دووەم (سەرژمێریی) و سێیەم (ڕاپرســیی)، یــان چــەند خــاڵێكی بڕگــەی یەكەمی ماددەی (٥٨) بەتەواوی و قۆناخی سێیەم (ڕاپرسیی) - لەبەر هــەر هۆیــەك بێت ئــەنجام نــەدران، واتــە دواخــران — دەبێــت ڕێكــەوتنێك ســازبكرێت لــە نێــوان سەركردایەتی سیاسی كورد و لایەنی عێراقی بەرپرس بۆ دەستنیشانكردنی میكانیزم و نەخشەی زەمەنی پێویست بۆ تەواوكردنی جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠.

د - پێویستە كەسانی ڕاســپێردراو بــۆ بەدواداچــوونی جێبــەجێكردنی مــاددەی (١٤٠) شارەزا و بەتوانا و ئازا بــن. دەبێــت زانیــاری دروســتی یاســایی و زانســتی سیاسەت و مێژوویی و جوگرافی و سەرژمێریی و شارەزایی هونەری دیالۆگیان هەبێت و بەلای كەم زمانی عەرەبیش چاك بزانن. ژمارەیان گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە كارا و لێهاتوو و پاك بن، واتە بەڕاستی شیاوی ئەنجامدانی ئەم ئەركە سەختە و لــە ئاســتی پێویستی ئەم بەرپرسیارییە گەورەیە بن.

بەرلین — ٢٠٠٧\٧\٢٥

بەرپرسیی مێژوویی دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار لەبارەی جێبەجێکردنی جەوهەری ماددەی ١٤٠ لە ماوەی درێژکراودا

هــەردوو حکومــەتی کــاتی (عــەلاوی) و گواســتنەوەی (جەعفــەری) جێبەجیکردنی ماددەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناخی گواستنەوە پشتگوێخست، ئەمەش نەك تـەنیا کەموکورتییـەکی بەرچـاوی کاری هەردوو حکومەتـە، بـەڵکو پەکخسـتنێکی مەبەسـتداری گـرنگترین مـاددەی یاسـای کـاتی و سەرپێچییەکی ئاشـکرای بەرنامــە و کۆششـی سڕینەوەی ئاسەواری سیاسـەتی ڕەگەزپەسـتانە و تایفەگەرییانـەی ڕژێمـی بەعسە: لەبواری تەعریبی خـاکی چـەندین ناوچـەی دابـڕاوی کوردسـتان و پاکتاوی نەژادی دانیشـتووانی رەسـەنییان، بەتایبـەتی پارچەپارچـەکردنی پارێزگای کەرکوك و دابڕین ودابەشکردنی چوار قەزا و تیکدانی ٣ ناحیـە و سـەدان گونـدی کوردنشـینی پارێزگاکـە. هــەروەها چاوپۆشینیشــە لــە ڕاستکردنەوەی سنووری ئیـداری شـێواوی هەنـدێك ناوچـەی شیعەنشـینی ناوەڕاستی عێراقیش- بەتایبەتی لە کەربەلا و بەغداد.

گــرنگترین بەشــی مــاددەی (٥٨) بڕگــەی (ب)ی ماددەکەیــە، کــە پەیوەستە بە گۆڕینی سنووری ئیداری لەلایـەن ڕژێمـی پێشـوو و بـاس لـە شێوازی چاککردنەوەی دەکات. ئەم بڕگەیـە دواتـر بـووە کـاکڵی مـاددەی

(١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق. لەم بڕگەیەدا بە ئاشکرا شێواندنی ناهەمواری سنووری ئیداری و "شتی دیکەی" چەندین ناوچە لە لایەن ڕژێمی پێشوو "بەمەبەستی سیاسی" دەستنیشانکراوە، بەڵام بۆ چاککردنەوەی ئاسەواری ئەم کردارە نارەوایەی ڕژێمی بەعس میکانیزمێکی یەکجار ئالۆز و نارەوا — لەلایەن نوێنەری عەرەبی سوننی — هەر لەنیو ئەم بڕگەدا چەسپیندراوە، جێگەی سەرسوڕمانە کە کاتی خۆی نوێنەرانی کورد ئەمەیان پەسەندکردووە! لە جیاتی ئەوەی میکانیزمێکی دروست و ڕەوا - بێ پەنا وپێچ — بچەسپێندرێت، واتە بریتی بێت لە: ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارە ڕەگەزپەرستانە و تایفەگەرییانەی "ئەنجومەنی سەرکردایەتی کودەتای بەعس"، کە بوونەتە هۆی ئەم گۆڕینە نارەوایانەی لەسەرەتای بڕگەکە باسیان لێوەدەکرێت و بوونەتە مایەی ستەم و ئازاریکی زۆر.

بەهەرحاڵ بە پێی ئەم میکانیزمە ئالۆزە: دەبوایە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار و حکومەتی گواستنەوە ئامۆژگاری لەبارەی چاککردنەوەی سنوورە شێواوەکان پێشکێش بە "کۆمەڵەی نیشتمانی" بکەن" بەڵام ئەگەر هەر سێ ئەندامی سەرۆکایەتی کۆمار (سەرکۆمار و هەردوو جێگرەکەی) نەیانتوانیبوایە تێکڕا لەسەرئامۆژگارییەکان ڕێکبکەون دەبوایە پێکەوە لەسەر ناوبژیکار(حەکەم)ێك ڕێکبکەون" ئەگەر ئەوەش نەکرابوا دەبوایە داوا لە سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن کەوا ئەو ناوبژیکارێکی نێودەوڵەتی لێهاتوو بۆ مەسەلەی ناوبژیکردنەکە

دەستنیشان بکات. ئەم هەنگاوە گرنگ و پێویستە کاتی خۆی (لەسەردەمی حکومەتی گواستنەوە) دا نەهاوێشترا! بۆچی؟ هۆکارەکانی دیارنیین.

هەرچەندە حکومەتی ڕێزدار نووری مالیکی — کە هاوپەیمانی کوردستانی بەشێکی گرنگیەتی — هەندێك هەنگاوی سەرەتایی بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە هاوێشتووە، بەڵام کەمتەرخەمییەکی دیاری نواند لە بارەی پابەندبوون بە بەرنامەی کاری هاوبەشی حکومەتی ئیئتیلافی و سەرپێچییەکی بەرچاوی دەستووری هەمیشەیی پەسەندکراوی عێراقی کرد، بە تەواونەکردنی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا (واتە تاکۆتایی ساڵی ٢٠٠٧).

پێش کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) دەبوایە لایەنی پێوەندیدار (واتە بەرژەوەندیدار) لە جێبەجێکردنی ماددەکە، یاداشتێکیان ئاراستەی دادگەی فیدراڵی عێراق کردبوایە، لەپێناوی ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی تەواونەبوونی جێبەجێکردنی ماددەکە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا و دەستنیشانکردنی لایەنە بەرپرسەکان لەم مەسەلە دەستوورییە گرنگە و بۆ پابەندکردنی حکومەتی عێراقی بە جێبەجێکردنی تەواوی ماددەی (١٤٠) بە پێی ڕەوایی دەستووری و هێزی یاسایی ماددەکە لە زووترین کات لە ساڵی ٢٠٠٨، هەرچەندە مەفعول و ڕەوایی ماددەکە بەندە بە مەفعول و ڕەوایی دەستووری هەمیشەیی پەسەندکراو لەلایەن زۆربەی زۆری دەنگدەرانی

عێراق، لەگەڵ ئەمەش داواکردنەکە پێویست بوو لە پێناوی دریژکردنــەوەی ماوەی جێبەجێکردنی ماددەکە بەشێوەیەکی یاسایی روون و بۆ رێگــەگرتن لە نەیارانی ماددەکە لە تەگەرە دروستکردن بە بیانوی تــەواوبوونی وادەی دیاریکراوی جێبەجێکردنی.

بەهەرحاڵ چاك بوو کە نەتەوەیەکگرتووەکان دەستپێشخەرییەکی باشــی لــەم بارەیــەوە کــرد- لــەباتی لایەنــە پێوەنــددارەکان —، کــە داوای درێژکردنەوەی وادەی تــەواوکردنی جێبــەجێکردنی ماددەکــەی بــۆ مــاوەی شەش مانگ کرد و مەجالی شیکردنەوەی سلبی مەسەلەکەی لــە ناحــەزان بڕی. بەڵام بۆ ئەوەی: بەلای کەم لەم شــەش مــانگی داهــاتوو دا گــرنگترین بەشی ماددەکە جێبەجێ بکریــت — ئەگــەر هەمووشــی جێبەجێنــەکرێت ، دەبێت ســەرۆکایەتی کۆمــار ئــەرکی سەرشــانی خــۆی لــەم بارەیــەوە لــەم ماوەیەی درێژکراوەدا بە پێی بڕگەی (ب)ی ماددەی (٥٨) بەجێبگەیەنێت. ئەم ئەرکە گەورە و بەرپرسییە مێژووییــەش بریتییــە: لــە پێشکێشــکردنی ئامۆژگاری - یان بڕیارێك - بە تێکڕایی (لەلایــەن ســەرکۆمار و هــەردوو جێگرەکەی) بۆ چاککردنەوەی سنوورە ئیدارییە شیواوەکان لــە ســەر دەمــی ڕژێمی بەعس، کە خۆی لە ڕەتکردنەوەی بریارە نارەواکانی رژیم ســەبارەت بە شێواندنەکە دەنوێنێت، بۆ ئەوەی کاکلی مــاددەی (٥٨) یاســای کــاتی، واتە کاکلی مــاددەی (١٤٠)ی دەســتووری هەمیشــەیی عێــراق جێبــەجێ بکریت: کە دەبێتە هــۆی چــاککردنەوەی ســنوورە ئیدارییــە ڕەســەنەکانی پارێزگاکان بەر لە شێواندنیان لە لایەن رژێمی بــەعس لــە پــاش کودەتــای

دووەمیان لە ساڵی١٩٦٨" واتە دەبێتە هـۆی گەڕانـەوەی هەرچـوار قـەزای بـــەزۆر دابڕینـــدراو لـــە پارێزگـــای کـــەرکووك (چەمچـــەماڵ. کـەلار،کفری،دوزخورماتوو) و قـەزای مـەخمووری بـەزۆر دابڕێنـدراو لـە پارێزگای هەولێر و قەزای ئـاکرێی (بـە ڕەسمـی) دابڕێنـدراو لـە پارێزگـای دهۆك،دەبێتـە هـۆی دابەشـکردنێکی ڕەوای بادییـەی شـیمالیش لـەنێوان هەردوو پارێزگای ئەنبار وکەربەلا ... .

ئەگەر ئـەم مەسـەلەیە گرنگـە لـەم شـەش مـانگی درێژکردنەوەیـەدا یـــەکلابووەوە، ئـــەوا جەوهـــەری مـــاددەی (١٤٠) جێبەجێـــدەبێت و پاشماوەکەشی دەتوانریت لە سـاڵی ٢٠٠٨ تـەواو بکرێـت. لـەم حاڵەتـەدا ئاکامی سەرژمێری و ڕاپرسی — ئەگەر پاش ئەم شـەش مانگـەش بێـت - ئیجابی دەبێت. بەڵام ئەگەر سەرۆکایەتی کۆمار نەیتوانی ئەرك و بەرپرسی دەستنیشانکراوی خۆی لە ماددەی (٥٨) لەم ماوەیـەش جێبـەجی بکـات، ئـەوا گـرنگترین بەشـی مادەکـە دیسـان جێبـەجێ ناکریـت و مەسـەلەی جێبەجێکرنی تەواوی ماددەکە زۆر ئاڵۆزتر دەبێت.

جا بۆئەوەی پرۆسـەی جێبـەجێکردنی مـاددەی (١٤٠) بـە ڕێبـازیکی واقیعیدا تێپەڕێت، پێویسـتە سـەرۆکایەتی کۆمـاری عێـراق — لـە پـێش هەموویانـەوە سـەرکۆمار ڕێـزدار جـەلال تالـەبانی کۆششـێکی بێوچـان و بێهاوتا لەم مەیدانەدا بکات، تاوەکو ئەم جارەیان بتـوانن: یـان بڕیـارێکی هاوبەشـی دادپـەروەرانـە لـە بـارەی مەسـەلەی چـاککردنەوەی سـنوورە شێواوەکان لەسەردەمی بەعس هەروەك لیژنەی جێبـەجێکردنی ماددەکـە

داوایکردووه - بە تێکڕایی بدەن، یان ئامۆژکارییەکی دروست و گونجاو لەم بارەیەوە پێکەوە پێشکێش بکەن. ئەم کارە ئەرکێکی پیرۆز و بەرپرسییەکی مێژوویی سەرۆکایەتی کۆمارە، پێویستە لە ماوەی درێژکراوی ئێستادا ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی جەوهەری پرۆسەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)، واتە بناغەی جێبەجێکردنی تەواوی ماددەکە، لەم شەش مانگەی درێژکراوەدا مسۆگەر بکرێت. ئەگەرنا ئەم شەش مانگە درێژکراوەش دەچێتە پاڵ دوو ساڵی ڕابردوو، شەش مانگی دیکەش درێژدەکرێتەوە و کۆششی کورد بۆ جێبەجیکردنی ماددەکە لە شەش مانگی درێژکراوی دیکەشدا وەك دواکەوتن بەدوای سەرابی لێدێت.

بەڵام ئەگەر لەم شەش مانگە درێژکراوەی ئێستادا بڕگەی (ب)ی ماددەی (٥٨) بە هۆی کۆششی سەرۆکایەتی کۆمار جێبەجیکرا، واتە ئەگەر سنووری شێواوی پارێزگاکانی کەرکووك و هەولێر و دهۆك و کەربەلا لەلایەن ڕژێمی بەعس چاککرانەوە، و قەزا و ناحیە دابڕاوەکان لەم ماوەیەدا گەڕاندرانەوە نێو سنووری پارێزگا پارچەکراوەکانی کوردستان، ئەوا جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لە ساڵی ٢٠٠٨ مسۆگەر دەبیت.

دەور و ئەرکی دیمستۆرا لە چوارچێوەی ماددەی (١٤٠)

پـــاش ئـــەوەی وادەی جێبـــەجێکردنی مـــاددەی (١٤٠)ی دەســـتووری هەمیشەیی عێراق لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ تەواو بـوو، بـێ ئـەوەی نـاوەڕۆکی ماددەکە بەتەواوی جێبەجێ بکرێت، واتە بێ ئەوەی گۆڕانە نارەواکانی سـنووره ئیدارییـەکانی پارێزگاکـانی کوردسـتان بەفـەرمی و بەشـێوەیەکی دەسـتووری چاکبکرێنەوه، کە بریتیین لە: دابڕاندنی قەزاکانی ئاکرێ (تا ئێستاش بەفـەرمی هەر سەر بە پارێزگـای موسـلە) و مـەخموور و دوزخۆرمـاتوو و چەمچـەماڵ و کەلار و کفری (تا ئێستاش بەفـەرمی هـەر سـەر بـە پارێزگـای دیالەیـە)، لـە پارێزگاکانی دهـۆك و کـەرکووك و هـەولێر و(بەشـێوەیەکی فـەرمی و نـاڕەوا) لکاندنیان بە پارێزگا عەرەبە سـوننی نشـینەکانی موسـڵ و تکریـت و دیالـە. هەروەها لکانـدنی تـەواوی بادیـەی شـیمالی بـە پارێزگـای عـەرەبی سـوننی ئـەنبار(لەناوچـەی عـەرەبی شـیعە)، هەرچـەندە بەشـی گـەورەی بەرانبـەر و درێژکراوەی پارێزگای کەربەلایە، و بێ ئـەوەی ئاسـەواری سیاسـەت و کـردەوه ڕەگەزپەرستە کـانی ڕژێمـی بـەعس بەتایبـەتی دژی گـەلی کـورد (تـەعریب و ئەنفال) لەو ناوچـانەی تـا ئێسـتا لـە کوردسـتان دابڕینـدراون و جـاران لـەژێر دەسەڵاتی بەعس دابوون و ئێستا لە ژێر کۆنترۆلی حکوموتی ناوەنـدی بەغـداد دان، بەتەواوی بسرێتەوه.

جگە لە چارەسەرکردنی ئـەم گرفتـە، چارەســەرکردنی گرفتێکـی دیکـەش کەوتووەتــە چوارچــێوەی مــاددەی (١٤٠): ئــەویش گــرفتی دابڕانــی پێشــانی خانەقین و مەندەلی و بــەدرە و جەســان و شــەنگال و شــێخان ... لــە لیوا،یــان پارێزگاکانی کوردستان، کە لەگەڵ ســتەمی پارچەپارچــەکردن و بچــووکردنەوە و دابەشــکردنی پارێزگــای کــەرکوك بــووەتــە گرفتێــك بــە نــاوی "ناوچــە کێشەدارەکان" (المنـاطق المتنازع عليها). بەم شێوەیە مــاددەی (١٤٠) بووەتــە پێوەری یەکلاکردنەوەی سنووری ئیداری هــەرێمی فیــدراڵی کوردســتان. لەگــەڵ ئەمەشدا دەزگە پێوەندیدارەکان لەلایەنی کوردی، بەتایبەتی لە هەردوو لێژنــەی بەدواداچوونەوەی جێبــەجێکردنی مــاددەی (١٤٠) لــە ئەنجومــەنی نوێنــەرانی عێــراق و لــە پەرلــەمانی هــەرێمی کوردســتان، نــە پــێش تــەواوبوونی وادەی دیاریکراوی جێبــەجێکردنی ماددەکــە و نــە پــاش تــەواوبوونی وادەکــە، هــێچ سکاڵایەکیان لەم بارەیەوە پێشکێشی دادگەی باڵای (فیــدرالی) عێــراق نــەکرد، بۆ روونکردنەوەی هۆ و بەرپرســیی جێبەجێنــەکردنی ئــەم مــاددە دەســتوورییە گرنگە لەلایەن حکومەتی ناوەندیی عێراق لــە وادەی دیاریکراویــدا، هەرچــەندە بە پێی دەســتوور و بــەپێی بەرنامــەی کــاری هاوبەشــی حکومــەتی ئیئتــیلافی ناوەندیی پێویست بوو حکومەتی بەغداد پابەند بوایە بە جێبەجێکردنی تــەواوی ماددەکە لە وادەی دیاریکراویدا لــە دەســتوور، یــان بــەلای کــەم هۆکارەکــانی تەواونەکردنی جێبەجێکردنی بۆ گەل بە وردی روونبکاتەوە و تکای لێبــوردن لــە گەل و داوای ماوەیەکی دیاریکراوی دیکە لــە ئەنجومــەنی نوێنــەرانی عێــراق و دەزگاکانی هــەرێمی کوردســتان بکــات. هــەروەها دەزگــە پێوەندیــدارەکان لــە

لایەنی کوردی هیچ ئەلتەرنەتیڤ واتە بەدیلێکییان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە ئامادەنەکرد، بەڵکو بەشێوەیەکی ناواقیعیانە لە مانگی ١٢/٢٠٠٧ یش تا دوارۆژی وادەکە سووربوون لەسەر جێبەجێکرنی ماددەکە لە وادەی دیاریکراوی خۆی دا! ئاواش، ئەگەر هەر هیچ نەکرابوا، مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەبوو، ئەگەری تێکچوونی باری ئاسایش بە شێوەیەکی جیددی لەو ناوچانە دروست دەبوو.
بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان بیریان لە ئەلتەرنەتیڤ - درێژکردنەوەی وادەی جێبەجێکردنی ماددەکە - کردەوە. (نووسەری ئەم گوتارە لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتیدا لەنێوان ٨ پسپۆڕ (لە بوارەکانی زانستەکانی سیاسەت و یاسا و جوگرافیا) و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەسەرەتای مانگی دێسەمبەری ٢٠٠٧ دا — وەك مامۆستای وانەدەرەوەی ماددەی (١٤٠) لە کۆلێژی یاسا و ڕامیاری- گرنگیی پێشکێشکردنی سکاڵا بە دادگەی باڵای فیدرالی و ئامادەکردنی پلانێکی شیاو (وەك ئەلتەرنەتیڤ) بۆ حاڵەتی جێبەجێنەکردنی تەواوی ماددەکە لە وادەی دیاریکراودا ڕوونکردەوە و لە یاداشتێکیش لەم بارەیەوە کە لە ڕۆژی ١٦/١٢/٢٠٠٧ ئاراستەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان ڕیزدار کەمال کەرکووکی کرد جەختی لەسەر مەسەلەکە کردەوە. هەروەها لەسەر خواستی جەنابی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٨ دا، گرنگیی هەردوو مەسەلەی بۆ وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ڕێزدار محەمەد ئیحسان دووپاتکردەوە.

بەهەرحاڵ چەند ڕۆژێك پێش تەواوبوونی وادەی جێبەجێکردنی تەواوی ماددەی (١٤٠)، وادەکە لەسەر پێشنیاری نوێنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان شەش مانگی دیکە واتە تا کۆتایی مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٨ درێژکرایەوە. ئەم کردارەی (UN) بە پێی بڕیاری (١٧٧٠)ی ئەنجومەنی ئاسایش گونجاوە: لە پێناوی چەسپاندنی ئاسایشە لە هەموو هەرێم و ناوچەکانی عێراقدا بەگشتی و بۆ پێشکێشکردنی یارمەتییە لە پێناوی چارەسەرکردنی گرفتەکانی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ماددەی (١٤٠) بەتایبەتی.

هەرچەندە جگە لە تەگەرەی میکانیزمی ناکۆکی جێبەجێکردنی بڕگەی (ب)ی ماددەی (٥٨) واتە کاکڵی ماددەی (١٤٠) و جگە لە پشتگوێخستنی جێبەجێکردنی ماددەکە لە لایەن هەر ٣ حکومەتی عێراقی نوێ، دژایەتیکردنی ئاشکرای لایەنی عەرەبی سوننی بۆ نەهێشتنی ئاسەواری ستەمی بەعس دژی خاك و خەڵکی کوردستان و دەستتێوەردانی دەوڵەتە دابەشکەرەکانی کوردستان (تورکیا و ئێران و سوریا) و دەوڵەتە عەرەبە سوننییەکان دژی ناوەڕۆکی ماددەکە، تەگەرەی گەورەیان دروستکردووە لە پێش حکومەتی مالکی لەسەر ڕێگەی تەواوکردنی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)، بەڵام هەڵەکانی دەزگە پێوەندیدارەکانی لایەنی کوردییش، بەتایبەتی هەڵەی پەسەندکردنی میکانیزمە ناکۆك و ناڕەواکەی بڕگەی (ب)ی ماددەی (٥٨) و پێشکێشنەکردنی سکاڵا بۆ دادگەی باڵای فیدرالی عێراق بۆ دەستنیشانکردنی هۆ و لایەنی بەرپرس لە تەواونەکردنی جێبەجێکردنی

ماددەکــە لــە وادەی دیــاریکراودا، دوو تەگــەرەی ســەربار و مایــەی کەمتەرخەمی دەزگە پێوەندیدـارەکانی کـوردن. لەبەرئـەوە دەبێـت دەزگـە پێوەندیدارەکانی کورد ڕاشکاوانە دان بەم ڕاسـتییە تاڵـەدا بنـێن و پەنـدی لێوەربگرن و تووشی هەڵەی سێیەم و کوشندە نەبن لەم بارەیەوە.

گـەورەترین تەگـەرە لەسـەر ڕێگـەی جێبـەجێکردنی مـاددەی (١٤٠) بریتییە لە: میکـانیزمی ئـاڵۆز و نـاکۆکی جێبـەجێکردنی بڕگـەی (ب)ی ماددەی (٥٨) لە یاسای ئیـدارەی کـاتی پەسـەندکراو، کـە لـە مـاددەی (١٤٠)ی دەســتووری هەمیشــەیی عێــراقیش چەســپاوە. بــەپێی ئــەم میکانیزمە: ئەگـەر هەرسـێك ئەنـدامی ئەنجومـەنی سـەرۆکایەتی کۆمـار (سـەرکۆمار و هـەردوو جێگرەکـەی) تێکـڕا لەسـەر ڕێنمـایی هاوبـەش ڕێکنەکـەوتن، دەبێـت هەولبـدەن کـەوا پێکـەوە لەسـەر ناوبـژیکارێك (حەکــەمێك) ڕێکبکــەون و ئەگــەر هــەر ســێکیان پێکــەوە لەســەر دەستنیێشـانکردنی ناوبـژیکارێکیش ڕێکنەکـەوتن، ئـەوا دەبێـت داوا لـە سکرتێری نەتەوە یـەکگرتووەکان بکـەن، بـۆ ئـەوەی ئـەو کەسـایەتییەکی نێودەوڵەتی گونجاو وەك ناوبـژیکار بـۆ ئـەم مەبەسـتە دیاربکـات. لێـرەدا (لەدەستوور) مافی ڕەتکردنەوەی ڕاستکرنەوەی گۆڕانـە نارەواکـانی بـەعس (ڤیتۆ) بە شێوەیەکی سەیر بەخشـراوە بـە نوێنـەری عـەرەبی سـوننی لـە سەرۆکایەتی کۆمار (کە ئێستا ڕێزدار تارق هاشمی یە)، ئەویش ئـەم مافـە (دەستوورییە نارەوایە) بۆ ئەم مەبەستە و بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی دەیـان

یاسا و بڕیاری ئەنجومــەنی نوێنــەران کــە لــە بەرژەوەنــدی شۆڤینیســتانەی عەرەبی سوننیدا نیین بەکاردەهینێت.

لەم دوواییانەدا سەرکۆمار ڕێزدار جـەلال تالـەبانی بەڕاشـکاوی دانـی بەمە دانا، کـەوا دەسـتەی سـەرۆکایەتی کۆمـار نـاتوانن پێکـەوە بگەنـە ڕێنمایی هاوبەش بۆ جێبەجێکردنی کـاکلی ماددەکـە (واتـە بڕگـەی ب)، بەپێی میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم بڕگەیەش، دەبێت لەم حاڵەتە داوا لە سکرتێری (UN) بکەن بۆ دەستنیشـانکردنی ناوبـژیکارێکی نێودەوڵـەتی، چونکە ڕێزدار دیمستۆڕا نوێنـەری دەستنیشـانکراوی سـکرتێری(UN)ە لـە عێراق، لەبەرئەوەی دەستپێشخەری درێژکردنـەوەی وادەی جێبـەجێکردنی ماددەکەیە، بۆیە جاریٚ ڕێزدار دیمستۆڕا ئەم کارە دەکات. و چونکە ڕێـزدار دیمسـتۆڕا تەگـەرە و هۆکارەکـانی جێبەجێنـەکردنی ماددەکـەی بـۆ روون بووەتەوە، بۆیە بیری لـە پلانێکـی ئەلتەرنـەتیڤی تایبـەت کردوەتـەوە: لـە پێناوی بەدیهێنانی شێوەیەکی تەوافوقی بۆ چارەسـەرکرنی هـەردوو گرفتـە سـەرەکییەکەی نێـو چوارچـێوەی ماددەکـە و دەستنیشـانکردنی سـنووری ئیـداری هـەرێمی کوردسـتان بـە میکـانیزمێکی نـویٚ و بـە ٣ قۆنـاخ. میکانیزمەکە پشت بە چەند پێـوەرێکی دیـارکراو دەبەسـتێت: عـایدیـەتی پێشانی قەزا، یان ناحیە بە پارێزگاکان واتە پـێش گۆڕانکاریـە نارەواکـانی ڕژێمی بەعس / مەسەلەی فرەنەتەوەیی دانیشتووانی ئێسـتای ناوچـەکان / ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥. ئەمە کاکڵی کاری ڕێـزدار سـتیفان دیمستۆڕایە.

پێش هەموو شتێك مەرجی بنەڕەتیی سەرکەوتنی نوێنەرایەتی (UN) لەکارەکەی: یەکلاکردنەوەی دەور و ئەرکی نوێنەرایەتییەکەیە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە نێوان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان و لە نێوان حکومەتی ناوەندی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە دەبێت هەردوو لایەنی پێوەندیدار بە کارەکەی (UN) واتە هەردوو لایەنی کێشەکان کە ناوبژیکارییان بۆدەکرێت، بە شێوەیەکی ئاشکرا و دیار بە ناوبژیکردنەکە ڕازی بن و ناکرێت تەنیا لایەنی کوردی بە ناوبژیکردنەکە ڕازی بێت و هەڵویستی لایەنی دیکەی کێشەکانیش دیار نەبێت، یان لایەنی دووەم بەفەرمی هەر دیارنەبێت، یان هەر بە ناوبژیکردنەکە ڕازی نەبێت.

کێ بەشێوەیەکی فەرمی و دیار لایەنی دووەمی کێشەکانی نێو چوارچیوەی ماددەی (١٤٠)ە، جگە لەلایەنی کوردستانی: ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یان حکومەتی ناوەندیی عێراق؟ ئایا لایەنی دووەمی کێشەکە بە ناوبژیکردنی (UN) واتە ڕێزدار دیمستۆڕا و هاوڕێکانی ڕازییە؟ ڕوونکرنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بەردی بناغەی دەور و ئەرکی ڕێزدار ستیفان دیمستۆڕایە.

بەهەرحاڵ، لە پێشنیاری قۆناخی یەکەمدا، کە لەبارەی ئاکرێ و حەمدانییە و مەخموور و مەندەلی یە ، ٧ هەڵە و نارێکیی دیار دەکەونە بەرچاوان:

یەکەم- تێکەڵاوکردنی مەسەلەی سنووری ئیداری گۆڕاوی پارێزگاکان لەسەردەمی بەعس لە ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩٦ واتە مەسەلەی ئاکرێ و مەخموور لەگەڵ مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکان لە لیواکانی کوردستان لەسەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی پاشایەتی عێراق لە ساڵانی ١٩١٨-١٩٢١ واتە مەسەلەی حەمدانییە و مەندەلی. لێرەدا دوو کێشە تێکەڵاودەکرێن و پێوەرەکە نارێکە - وەك ئەوە وایە ٤ زەوی کەسێك لە لایەن کەسێکی دیکە زەفتکرابێت، دووان پێشان و دووانیش پاشان، ناوبژیکار بڵێت: با دووانەکەی لەمێژە زەفتکراون بۆ زەفتکەر بێت و دووانەکەی تازەش زەفتکراون، بەناتەواوی بۆ خاوەنی ڕەسەنی زەوییەکان بگەڕێندرێنەوە، کەچی هێشتا زەفتکەریش نە بە ئەنجامی ناوبژیکردنەکە ڕازی بێت و نە ئامادەبێت بەفەرمی هەر دان بە مەسەلەی ناوبژیکردنەکە دا بنێت.

دووەم- پارچەکردنی قەزای مەخموور بە جیاکردنەوەی ناحیەی قەراج و لکاندنی بە پارێزگایەکی عەرەبی سوننی، لەبەر بوونی ڕێژەیەك لە دانیشتووانی عەرەب لە وێ! ئەمەیان بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەرکی ڕێزدار دێمستۆرا ناگونجێت و کارێکی ڕەوا نییە و مەسەلەکان ئاڵۆزتر دەکات، هەروەها لەگەڵ پێوەری عایدیەتی پێشانی قەزاکان و لەگەڵ پێوەری ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ دا ناگونجێت.

سێیەم- بەکارهێنانی چوارچێوەی دەسەڵاتی هەرێم و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بۆ عایدیەتی "ناوچە کێشەدارەکان". لێرەدا دەبوایە

چوارچێوەی سنووری ئیداری پارێزگان بۆ عایدیەتی قەزا و ناحیەکان بەکاربهێنێت، واتە قەزای ئاکرێ بەفەرمیش بگەڕێتەوە سەر پارێزگای دهۆك (وەك پێشان) و هەروەها قەزای مەخموور بە تەواوی بگەڕێتەوە سەر پارێزگای هەولێر (وەك پێشان)، چونکە بە شێوەی ئێستا وەك دابەشکردنی چوار ناوچە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراق دەکەوێتە بەرچاوان و شێوازی عێراقی فیدراڵی وەدەرناخرێت، نوێنەرە عەرەبە سوننییە شۆڤینییەکان وەك جیاکردنەوە پرۆپاگاندەی دژ دەکەن.

چوارەم- پێوەری عایدیەتی پێش گۆڕانکارییەکانی ڕژێمی بەعس لەبارەی مەندەلی و حەمدانییە بەشێوەیەکی نارێك بەکارهێنراوە ، چونکە لە کاتی دامەزراندنی پاشایەتی عێراق لە لکاندنی خانەقین و مەندەلی بە دیالە و پاشەڕۆژی ویلایەت، هەروەها لیوای موسل، ڕێز لە ویست و خواستی کورد و کلدان و ئاسوری و تورکمان لە وێ نەگیراوە. هەروەها ستەمی دەربەدەرکردنی کورد و تەعریب لە مەندەلی لەسەردەمی ڕژێمی بەعس ڕاچاونەکراوە (ئەم دوو فاکتەرانە ناکرێت پشتگوێ بخرێن).

پێنجەم- لە بەکارهێنانی پێوەری ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ لە مەندەلی و حەمدانییە نە مەسەلەی دەربەدەرکراوەکان و تەعریب و نە مەسەلەی خواستی ئێستای هەموو دانیشتووان (کورد و میللەتانی دیکە) ڕاچاونەکراون.

شەشەم: لە پلانەکە کوردی ئێزدی و شەبەك و کاکەیی وەك ٣ گرووپی جیا لە کورد دانراون، ئەمەش نە ڕاستە و نە ڕەوایە و ڕەنگدانەوەی هەمان

سیاسەتی کۆنی ڕژێمی بەعس و دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی بەریتانییە لە کوردستانی باشوور، کە لەسەر بنەڕەتی تەکتیکی "پارچە پارچەیان بکە و زاڵ بە" دامەزراوە و بەهیچ جۆرێك پەسەند نییە. ناسنامەی نەتەوەیی ئەو خەڵکانە دەبێت خۆیان دیاریبکەن، نەك خەڵکی دیکە.

حەفتەم- دەبێت پێوەری خواستی دانیشتووانی ڕەسەنی (واتە پێش تەعریبی) گشت قەزا و ناحیەکانی پارێزگای کەرکووك و گشت ناوچە "کێشەدار"ەکان یەکەم پێوەر بێت بۆ: لادانی ستەم و چاککردنەوەی گۆڕانکارییە ئیدارییە ناڕەوا کانی ڕژێمی بەعس و چارەسەرکردنی مەسەلەی دابڕاندنی خانەقین و مەندەلی و شەنگال و شێخان لە لیواکانی کوردستانی باشوور لەسەردەمی داگیرکاریی بەریتانیدا، واتە گرنگترین پێوەر بێت لە پلان و کاری نوێنەرانی (UN)، هەروەك لە ماددەی (١٤٠) دا چەسپاوە.

لێرەدا، جارێکی دیکە (وەك مامۆستای مێژووی سیاسی نوێی کورد و جوگرافیای سیاسی کوردستان لە کۆلێژی یاسا و ڕامیاری و پسپۆڕێکی ئەکادیمی دۆزی کورد)، داوا لەسەرکردایەتی سیاسی کوردی و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، کەوا پێش هەمو شتێك مەسەلەی یەکلاکردنەوەی بوون و ڕازیبوونی لایەنی دووەمی کێشەکان بەفەرمی و ئاشکرایی بە پرۆسەی ناوبژیکردنەکەی ڕێزدار دێمستۆرا مسۆگەر بکەن، چونکە ناوبژیکردن لە نێوان دوو لایەنی دیار و بەرەزامەندی هەردوو لایەن دەبێت. هەروەها تکا دەکەم کە لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕێزدار ستیفان دیمستۆرا و وەفدی (UN) دا، بە جیددی پشت بە

ڕاوێژکاریی لەگەڵ پسپۆڕانی زانستەکانی سیاسەت و یاسا و جوگرافیا و مێژوو ببەستن بۆ لێگرتنی نوێنەرانی گفتوگۆ و بەرپرسانی بەدواداچوونی لایەنی کوردستانی پێوەرەکانی: زانایی لە بابەتەکان و توانای زمانناسی (بەتایبەتی عەرەبی و ئینگلیزی) و شارەزایی لە بواری دیالۆگ بگرنەبەر، تاوەکو ئەم مەسەلە گرنگە بە وردی و ڕاشکاوانە واتە دروست و ڕوون بۆ هەموو لایەنێك شی و دیاربکرێت، مەسەلەی ناوبژیکردنی ڕیزدار دیمستۆڕا و پرۆسەی دیالۆگ سەرکەوتوو بێت.

ماددەی (١٤٠) و ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان

ڕاستە، کەوا ماددەی (١٤٠) ماددەیەکی بنەڕەتی دەستووری هەمیشەیی عێراقە و شەرعییەتی خۆی لەم دەستوورە وەرگرتووە، کە نزیکەی چوار لەسەر پێنجی خەڵکی عێراق پەسەندیان کردووە، بەبێ ڕەزامەندی گەلی کوردیش نەلادەبردرێت و نە هەموار دەکرێت. هەروەها ماددەکە هێزی یاسایی خۆی لەمەوە وەرگرتووە: ئەو کێشەیەی کە بۆ چارەسەرکردنی دانراوە، هێشتا چارەسەرنەکراوە. بۆیە هەرچەندە ماوەی جێبەجێکردنی دیاریکراوی لە دەستووردا بەسەرچووە، هێشتا مەفعولی تەواوی ماوە و بالۆرە و بانگەشەی کۆنە بەعسی و هاوڕاکانیان لەم بارەیەوە —کە گوایە مەفعولی نەماوە- هیچ بنەمایەکی یاسایی و شەرعی نییە و پێویستە لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئیتیحادی واتە حکومەتی عێراق جێبەجێی بکات. **بەڵام** چونکە میکانیزمی جێبەجێکردنی بڕگەی (ب)ی ماددەی (٥٨) سەقەتە، ئەمە بووەتە گەورەترین کۆسپی دەستووری و یاسایی لەسەر ڕێگەی جێبەجێکردنی گرنگترین بەشی ماددەکە، لەبەر ئەوەی ڤیتۆی ڕەزامەندی ئیجماعی بەخشیوە بە جێگری عەرەبی سوننی سەرۆك کۆمار، چونکە ئەسلی کێشە لەسەر خاکە و کێشەکەش ڕاستەوخۆ لەگەڵ پارێزگاکانی عەرەبی سوننییە، جێگری عەرەبی سوننی سەرکۆمار (ڕیزدار تارق هاشمی) ڕێگرە لەپێش جێبەجێکردنی ناوەرۆکی بڕگەی

ناوبراو، واتە ڕازی نییە بە چاکردنەوەی سنوورە ئیدارییە شێواوەکانی پارێزگاکانی کوردستان (کەرکووك و هەولێر و دهۆك)، جگە لە ڕێگرتن لە چاکردنەوەی سنووری شێواوی پارێزگای کەربەلاش لە باشووری عێراق. چونکە سەرۆك کۆمار (ڕێزدار جەلال تاڵەبانی) و جێگرە عەرەبە شیعییەکەی (ڕێزدار عادل عەبدولمەهدی) نەیانتوانی (ڕێزدار تارق هاشمی) ئیقناع بکەن، بە گرنگیی ئیجماع بۆ ڕێنمایی هاوبەش بەپێی دەستوور بۆ ڕاستکردنەوەی سنوورە ئیدارییە گۆڕاوەکان، کە لەلایەن ڕژێمی بەعس بەشێوەیەکی نارەوا و لە پێناوی مەبەستی سیاسی ئەنجام دراون، هەروەك لە دەستووردا سەلمێندراوە و چەسپاوە. چونکە گشت هێزە سیاسییە عەرەبییە سونننییەکان لەسایەی بیرێکی شۆڤینی و عەقلییەتێکی لە داگیرکردن ڕاهاتوو و خۆ بەزلتر دانان، نەك تەنیا دژی گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانن، بەڵکو دوژمنی وشەی کوردستانیشن. چونکە هەرسێ حکومەتی عێراقی نوێ (کاتی و گواستنەوە وهەمیشەیی) ئیرادەی سیاسییان لە جێبەجێکردنی ماددەکە بەکردەوە نەبووە ونییە. چونکە حکومەتەکانی دەوڵەتە دابەشکەرەکانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بەربەرەکانی ناوەرۆکی ماددەکە دەکەن ... . بۆیە ماددەکە لە کاتی دەستووری دیاریکراوی خۆیدا، واتە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ جێبەجێنەکرا و لەوکاتەشەوە تا ئێستا سڕکراوە و لە واقیعدا خەریکە ببێتە "خَبَّر کانً"! لەمایەی ئەوەشەوە کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، کە دەناسرێت بە "ناوچە کێشە لەسەرەکان"، نەك تەنیا ئاڵۆزتر بووە، بەڵکو جگە لە

کەرکووك لە موسل و دیالەش بەشێوەیەکی دژوار تەشەنەی کردووە، بەتایبەتی لە موسل پاش گرتنە دەستی دەسەلآت لەلایەن "لیستی حەدبای برایانی نوجەیفی". بۆیە کێشەی سنووری باشووری هەرێمی کوردستانیش —کە لە دەستوور یەکلانەکراوەتەوە- بووەتە گەورەترین و گرنگترین کێشەی هەڵپەسێردراو و هەڵواسراو لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی عێراق. لێرەدا دەبێت بزانرێت: کەوا ئێستا تەنیا پێوەری دەستووریی دەستنیشانکردنی سنووری باشوور و باشووری ڕۆژئاوای هەرێمی فیدرالی کوردستان: ماددەی (١٤٠)ی سڕکراوە.

ئاشکرایە کە لایەنە عەرەبییەکان، بەتایبەتی لایەنی عەرەبی سوننی، تەگەرەی زۆریان خستووەتە سەر ڕێگەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) و حکومەتی ئیتیحادی عێراقیش جیددی نییە لە جێبەجێکردنیدا، چونکە حکومەتی ئیتیحادی عێراق دەبوایە هەم پابەند بوایە بە دەستووری هەمیشەیی و هەم پابەند بوایە بە بەرنامەی کاری حکومەتی ئیئتیلافی و ماددە دەستوورییەکەی لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا لە دەستوور جێبەجێ بکردایە، کەچی حکومەتی ئیتیحادی کەمتەرخەمی کردو ئەرکی خۆی لەم بارەیەوە بەجێنەگەیاند. بەڵام بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانە و دروست بۆ مەسەلەکان بکرێن، دەبێت ڕاشکاوانە لاوازی ئەدای لایەنی کوردستانی و هەڵەکانی لەم بوارەدا بە وردی دەستنیشان بکەین، بۆ ئەوەی تا کاتی گونجاو لەبەر دەست دایە چارەسەر بکرێن:

پێش هەموو شتێك ڕوون و ئاشكرایە، كەوا میكانیزمی جێبەجێكردنی كرۆكی ماددەی (١٤٠) دەبوایە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە نارەواكانی رژێمی بەعس بووایە، كە بوونەتە هۆی دابڕاندنی ناوچەكانی كوردستان و سەرچاوەی دروستبوونی كێشەی "ناوچە كێشە لەسەرەكان"، بەتایبەتی بڕیاری ژمارە (٤١)ی ساڵی ١٩٧٦ و بڕیاری ژمارە (٤٣٤)ی ساڵی ١٩٨٩، نەك ئیجماعی هەر سێ ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی كۆمار. هەروەها ئەم میكانیزمە جگە لە سەقەتیی نارەواشە، چونكە ئیجماعی هەر سێ ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی كۆمار مەرجێكی تەعجیزییە و جێگری عەرەبی سوننی قەت ئامادە نابێت و دەیكاتە بیانووی ڕازینەبوون، بۆیە پەسەندكردنی ئەم میكانیزمە ناكۆكە لەگەڵ مەبەستی سەرەكی ماددەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی كاتی و چەسپاندنیشی لە دەستووری هەمیشەییدا هەڵەیەكی یەكجار گەورەبووە، كە لایەنی كوردستانی لە كاتی گفتوگۆدا لەم بارەیەوە تێیكەوتووە. لە ڕاستیدا ئەمە "فێڵێكی یاساییە" كاتی خۆی لە لایەن نوێنەرانی عەرەبی سوننی بەتایبەتی لە كورد كراوە. نووسەری ئەم گوتارە لە ٢٠ تەمووزی ٢٠٠٥ لە بانگكردنێكی ڕاوێژكاریی تایبەتدا لەلایەن سەركردایەتی سیاسییەوە لە سەلاحەددین، سەرنجیانی ڕاكێشا بۆ ئەم هەڵەیە و بۆ پێویستیی چارەسەركردنی لە دەستووری هەمیشەییدا. هەروەها جگە لەم هەڵەیە، هەڵەیەكی گەورەی دیكەش لە نووسینی دەستووری هەمیشەیی ڕووی داوە و لایەنی كوردی پێی ڕازی بووە!، ئەویش بریتییە لە نەمانی ئەو ماددەیەی كە دروستترین پێوەری دەستنیشانكردنی سنووری هەرێمەكانی تێدا بوو لە یاسای

ئیدارەی کاتیدا (ماددەی ٤)، واتە ڕاستییە مێژوویی و جیۆگرافییەکان، هەرچەندە نووسەری گوتار لە دانیشتنی ناوبراودا جەختی لەسەر گرنگی ئەم ماددەیە و چاکترکردنی بۆ دەستووری هەمیشەیی کرد بە جەختکردن لەسەر فیدرالیزمی هەرێمیی (فدرالیە الاقالیم)، بەڵام جێگەی سەرسوڕمانە کەوا ئەم ماددە گرنگە هەرنەما لە دەستووری هەمیشەیی! بۆیە ئێستا تەنیا پێوەری دەستووریی دەستنیشانکردنی سنووری هەرێمی کوردستان ماددەی (١٤٠)ە.
هەروەها لایەنی کوردی هەڵەیەکی زۆر گەورەی دیکەی کرد، کە ماددەی (١٤٠) لەکاتی دیاریکراوی خۆی لە دەستووردا واتە تا ٢٠٠٧/١٢/٣١ جێبەجێنەکرا، چونکە نە فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و نە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ کاردانەوەیەکی یاساییان لەم بارەیەوە نەبوو! هەرچەندە نووسەری ئەم گوتارە، لە دانیشتنێکی ڕاوێژکاریی بەپەلە لە نێوان بەرپرسی لیژنەی بە دواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی پەرلەمانی کوردستان و ١٠ پسپۆڕ و مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین لە بوارەکانی یاسا و سیاسەت و جیۆگرافیا لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١٢/١٥، بۆ ئەم ئەگەرە کە پێشبینیی دەکرا جەختی لەسەر ئاڕاستەکردنی سکاڵانامەیەك بۆ دادگای ئیتیحادی باڵا لە بەغداد کردەوە، چونکە لەو حاڵەتە دادگای باڵا بەپێی یاسا و لەبەر ڕۆشنایی دەستوور و بە تاوتۆیکردنی بارودۆخەکە بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە حکومەتی ئیتیحادی پابەند دەکرد بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لە کاتێکی دیاریکراوی

دیکەدا. دەقی خاڵی یەکەم لە یاداشتێکی نووسراوی ڕۆژی پاشتریش بۆ جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەم بارەیەوە بەم شێوەیە بوو:

" سکاڵایەك پێشکێش بکرێت بە دادگەی فیدرالی عێراق (المحکمه الاتحادیه) – لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، یان فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یان لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ - لەپێناوی چەسپاندنی بەرپرسیاری هەرسێ حکومەتی عێراقی (کاتی و گواستنەوە و هەمیشەیی) لە کەمتەرخەمیی لە جێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ و پاشان ماددەی ١٤٠ و لە پێناوی بڕیاردان بۆ مانەوەی مەفعولی ماددەکە بەشێوەیەکی یاسایی (دەستووری) تا تەواوکردنی جێبەجێکردنی لە پێناوی پابەندکردنی حکومەتی عێراق بە تەواوکردنی جێبەجێکردنی ماددەکە لە ساڵی ٢٠٠٨.

جگە لە مانەش ماددەی (٥٨) کە بناغەی ماددەی (١٤٠)ە، چەند کەم وکورتییەکی تێدایە. بۆ نموونە: لە بڕگەی (ج)ی ماددەی (٥٨) دا: "خاکە کێشە لەسەرەکان" لە نێوانیاندا کەرکووك ...، جگە لە کەرکووك هیچ شوێنێکی دیکە دیارنەکراوە. هەروەها پرسیاری ڕاپرسی ڕوون نەکراوەتەوە ... . لە هەمووشی گرنگتر هەڵەی چەسپاندنی چەمکی "الارا ضي المتنازع علیها" واتە "خاکە کێشە لەسەرەکان"ە، کە هەم لە بواری یاسایی و هەم لە بواری سیاسی نارەوایە، چونکە ڕژێمی بەعس ئەم خاکانەی بە زۆر لە ساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٩١ لە خاك و قەوارەی کوردستان دابڕیوە، لە بواری دەربڕینیش

زاراوەیەکی نەگونجاوو ئیستیفزازی و مایەی نائارامی و ڕك و کینەیە. بۆ چاکردنەوەی هەڵەکان پێویستە ئەم خاڵانەش لەبەرچاو بگیرین.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت ماددەی (١٤٠) بەکردەوە جێبەجێبکرێت: دەبێت میکانیزمی بڕگەی (ب)ی ماددەی (٥٨) و کەم وکورتییەکانی دیکەی ماددەی (٥٨)چاکبکرێنەوە، ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەی هەمووارکردنی ماددەی (١٤٠) بە پێی پێشنیاری لایەنی کوردی بێت، لە چوارچێوەی هەمووارکردنی دەستووری هەمیشەییدا، کە دەبێت بە گوێرەی ماددەی (١٤٢)ی دەستوورەوە ئەنجام بدرێت.

هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان (کە ڕژێمی بەعس بە ناهەق لە قەوارەی "ناوچەی ئۆتۆنۆمی" و "پەناگەی ئارام" دایبڕیون) و کێشەی سنووری باشووری هەرێمی فیدراڵی کوردستان (کە لە دەستووری هەمیشەیی پێوەریشی یەکلانەکراوەتەوە)، بە شێوەیەکی بنەڕەتی: دەبێت ماددەی (١٤٣)ی دەستووریش هەموار و تەواوبکرێت، چونکە لە بڕگەی (أ)ی ماددەی (٥٣)ی یاسای ئیدارەی کاتییش فێڵێکی دیکەی "یاسایی" لە کورد کراوە، لەبەر ئەوەی لەوێدا هەرچەندە دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نراوە: بەڵام لە سەر ئەو ئەرزانەی کە لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٠٣/١٩ لە ژێر دەسەڵاتیدا بوون، واتە لە چوارچێوەی "پەناگەی ئارام – Safe Haven" دا، واتە بێی ناوچە دابڕێندراوەکان لەلایەن ڕژێمی بەعس! ئەم بڕگەیەش بووەتە بەشێك لە ماددەی ناوبراوی دەستوور. ئەگەر تێبینییەکانی ڕاوێژکارییەکانی پێشووم لەلایەن گرووپی کوردی لیژنەی

نووسینی دەستووری عێراقی و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان گرنگیان پێدرابوایە، بێگومان ئێستا ئەم گرفتانە نەداهتنە پێش.

لێرەدا من، وەك مامۆستا و پسپۆڕێکی دۆزی کورد لە کۆلێژی یاسا و ڕامیاری، کە ماددەی (١٤٠) لە چوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقی و بابەتی کێشەکانی ناوچە دابڕاوەکان و سنووری هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی باری دۆزی کورد و جیۆگرافیای سیاسی کوردستان لە کۆلێژی ناوبراو شیدەکاتەوە، و وەك توێژەرێکی ئەکادیمی لە بواری مەسەلە سیاسییە ستراتیژییەکانی هەرێم و عێراق، ئامادەیی تەواوی خۆم دەردەبڕم: بۆ ڕاوێژکاری زیاتر لەم بارەیەوە لە هەر جێگە و کاتێکی پێویست بێت — بەڵام بەمەرجێك بایەخیان پێ بدرێت و وەك جارانی پێشوو پشتگوێ نەخرێن، بۆئەوەی لەمە زیاتر هەڵەی کوشندە لەبارەی مەسەلە ستراتیژیەکانی کورد لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقی نوێدا نەکرێن و بۆ ئەوەی کۆششی منیش بەفیڕۆ نەچێت و پاشانیش نەبێتە مایەی غەمباری پترم. هەروەها ئامادەشم بۆ بەشداریکردنی ڕاستەوخۆش لە ئەرکی بەدواداچوونی ماددەی (١٤٠) و کێشەی ناوچە دابڕێندراوەکان و سنووری هەرێمی فیدراڵی کوردستان. ئەم ئامادەکارییەشم بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانم بۆ خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای کورد لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی باڵا و لە پێناوی چارەسەرییەکی ئاشتیخوازانە و دەستووریانەی کێشە گرنگە هەڵواسراوەکان لە نێوان حکومەتی هەریمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی عێراق.

واقیع و پاشەڕۆژی ماددەی (١٤٠)

دەبێت سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان چی بکە بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە لە لایەن حکومەتی مەرکەزی (ئیتیحادی) عێراق؟

ماددەی (١٤٠) ماددەیەکی بنەڕەتی دەستووری ئیتیحادی هەمیشەیی عێراقە و شەرعییەتی خۆی لەم دەستوورە وەرگرتووە، کە نزیکەی چوار لەسەر پێنجی خەڵکی عێراق (٧٨٪) لە ڕیفراندۆمێکی ئازاد و مێژوویدا پەسەندیان کردووە، مەفعولیشی بەندە بە مەفعولی دەستووری هەمیشەیی و بەبێ ڕەزامەندی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش ئەم ماددەیە و هیچ ماددەیەکی دیکە و دەستووری هەمیشەیی عێراق بە گشتیی هەموار ناکرێت، چونکە بە پێی میکانیزمی ماددەی (١٤٢) کە پەیوەستە بە هەموارکردنی دەستوور، نابێت هیچ هەموارکردنێکی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەلایەن دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی سێ پارێزگا ڕەتبکرێتەوە. هەروەها هێزی یاسایی ماددەکە بەندە بە چارەکردنی ئەو گرفتەی لەپێناوی دانراوە و هێشتا چارەسەرنەکراوە. بۆیە هەرچەندە ماوەی جێبەجێکردنی دیاریکراوی لە دەستووردا بەسەرچووە، چونکە لایەنە پێوەندیدارەکان بە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لەم بارەیەوە بەجێنەگەیاندووە، هێشتا مەفعولی تەواوی ماوە و بانگەشە و بالۆرەی کۆنە بەعسی و هاوڕا شۆڤینییەکانیان لەم بارەیەوە — کە گوایە مەفعولی نەماوە— هیچ بنەمایەکی یاسایی و شەرعی نییە، هەرکەسێکیش بانگەشە بۆ بەم ناڕاستییە

بکات، یان زۆر ساکار و نەزانە، یان بە ئاشکرا دەیەوێت فێڵ لە خۆی و لە خەڵکی بکات و بۆ هەمان مەبەستی بەعسی فاشی دژی گەلی کورد هانیان بدات! خۆ ئەگەر وابێت، ئەوا ماددەی (١٤٢)ش زۆر لە مێژترە، هەر لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠٦)وە، ماوەی جێبەجێکردنی بەسەرچووە و دەبێت ئەویش مەفعولی نەمابێت، بەڵام بێگومان ئەم دوو ماددانە بە تایبەتی و هەموو ماددەکانی دیکەی دەستووری ئیتیحادی بەگشتی مەفعولی تەواوی خۆیان هەیە و دەمێنێت تاوەکو ئەو مەسەلانەی بۆ چارەکردنیان دانراون کۆتاییان پێدەهێت، ئەگەر دەستووریش لە چوارچێوەی ریفراندۆم و لەسەر بنەمای ماددەی (١٤٢) هەموار بکرێت، چونکە هەمموارکردنی دەستوور تەنیا بەپێی میکانیزمی هەموارکردنی ناوبراو دەکرێت. بۆیە پێویستە لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئیتیحادی واتە حکومەتی عێراقی داهاتوو جێبەجێی بکات، بەخۆلادان لە هەموو کۆسپ و نەهێشتنی گشت تەگەرەیەکی سەر ڕێگەی جێبەجێکردنی. پێویستە سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێمیش لیژنەیەکی نوێی لێهاتوو بۆ بەدواداچوونی جیددی و کارای جێبەجێکردنی ماددەکە پێکبهێنێت، چونکە بە ڕاشکاویی لیژنە کۆنەکان لە ئاستی ئەم ئەرکە گران و ستراتیژییە نەبوون ونیین.

ئێستاش با ڕوونی بکەینەوە واقیعی ناوەڕۆکی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق چییە؟ و دەبێت چ بکرێت تا، کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێگەی لابردرێن واتە، جێبەجێ بکرێت؟

هەردوو خاڵی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی جەخت لەسەر تەواوکردنی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ماددەی (٥٨) یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی

بۆ ماوەی گواستنەوە دەکەن، کە چارەسەرییەکی دەستوورییە بە تایبەتی بۆ کێشەی گۆڕینی سنوورە ئیدارییەکانی ٨ پارێزگا لە لایەن ڕژێمی بەعسی ڕووخاو بە زۆری و لەبەر هۆی ڕەگەزپەرستانە و تایفەگەریی واتە بەمەبەستی گەورەترکردنی ٤ پارێزگا کە زۆربەی دانیشتوانیان عەرەبی سوننی بوون (نەینەوا و سەلاحەددین و دیالە و ئەنبار) بە بچووککردنەوەی ٣ پارێزگای زۆربەی دانیشتووانیان کوردبوون (کەرکووك، دهۆك و هەولێر) و پارێزگای (کەربەلا) کە زوربەی دانیشتووانی عەرەبی شیعەن. هەروەها ئەم چارەسەرییە جگە لەوەی دەستووریە، چارەسەرێکی ناوەندیشە (کۆمپرۆمیسی نێوان گشت لایەنە عێراقییەکانە) و بەرەزامەندی نوێنەرانی گشت پێکهاتەکانی عێراق لە کاتی سازکردنی یاسای ئیدارەی گواستنەوە دانراوە و پاشانیش دیسان لەلایەن نوێنەرانی گشت پێکهاتەکانەوە لە کاتی ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی وەك بەشێکی ماددەی (١٤٣) چەسپێندراوە و دواییش لە ڕاپرسییەکی دیار بە ئاشکرا وەك بەشێکی دەستووری ئیتیحادی هەمیشەیی بە زۆرینەیەکی بەرچاو پەسەندکراوە.

بەڵام ئاشکرایە کە میکانیزمی جێبەجێکردنی بڕگەی (ب)ی ماددەی (٥٨)، کە کاکڵی ماددەکەیە ناکۆکە (سەقەتە)، بۆیە ئەم ناکۆکییە هەر لەسەرەتاوە بووەتە گەورەترین کۆسپی دەستووریی لەسەر ڕێگەی جێبەجێکردنی گرنگترین بەشی ماددەکە، کە لە دەستوور - بەمەبەستی چاککردنەوەی سنوورە ئیدارییە شێواندراوەکان لە لایەن ڕژێمی بەعسی فاشییەوە - چەسپێندراوە، بە تایبەتی یەکگرتنەوەی پارێزگای کەرکووکی لەتلەتکراو و کورد لێکەمکراوە بە گەڕانەوەی هەر چوار قەزا بەزۆر لێدابڕاوەکان لێی بۆ چوارچێوەی سنووری ئیداری پارێزگای ئەسلی

خۆیان. بەڵام لەبەرئەوەی میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم بڕگەی (ب)ایە ڤیتۆی ڕەزامەندی ئیجماعی بەخشیوە بە جێگری عەرەبی سوننی سەرکۆماریش،چونکە ئەسلی کێشەکە لەسەر خاکە و کێشەکەش ڕاستەوخۆ لەگەل پارێزگاکانی عەرەبی سوننییە، لەبەرئەوەی هەموو قەزا و ناوچە دابڕێندراوەکان لە پارێزگا کوردستانییەکان (کە زۆرینەی دانیشتووانیان کورد لەسەرژمێریی ۱۹۵۷ کوردبوون) خراونەتە سەر پارێزگا عەرەبییە سوننییەکان (موسل و تکریت و دیالە)، بۆیە جێگری عەرەبی سوننی سەرکۆمار (ڕیزدار تارق هاشمی)توانی ڕێگر بێت لەپێش جێبەجێکردنی ناوەرۆکی بڕگەی ناوبراو، واتە ڕازی نەبووە بەچاککردنەوەی سنوورە ئیدارییە شێواوەکانی پارێزگاکانی کوردستان (کەرکووك و هەولێر و دهۆك)، کە هەمیشە زۆربەی دانیشتووانیان تا پێش گۆڕینە ناڕەواکانی بەعسی فاشی کوردبوون. بەم شێوەویە ڕێزدار هاشمی ڕێگەشی گرت لە چاکردنەوەی سنووری شێواوی پارێزگای کەربەلاش لە باشووری عێراق. چونکە سەرکۆمار (ڕێزدار جەلال تالەبانی) و جێگرە عەرەبە شیعییەکەی(ڕێزدار عادل عەبدولمەهدی(نەیانتوانی (ڕێزدار تارق هاشمی) ئیقناع بکەن، بە گرنگیی ئیجماع بۆ ڕێنمایی هاوبەش بەپێی دەستوور بۆ ڕاستکردنەوەی سنوورە ئیدارییە گۆڕاوەکان، کە لەلایەن ڕژێمی بەعس بەشێوەیەکی ناڕەوا و لە پێناوی مەبەستی سیاسی بە دابڕاندن ئەنجام دراون، هەروەك لە دەستووردا سەلمێندراوە و چەسپاوە، چونکە گشت هێزە سیاسییە عەرەبییە سوننییەکان لەسایەی بیرێکی شۆڤینی و عەقلییەتێکی لەداگیرکردن ڕاهاتوو و خۆ بەزلتر دانان لە کورد، نەك تەنیا دژی گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانن بۆ چوارچێوەی پارێزگا ئەسلییەکانیان و هەرێمی کوردستان بە بیانووی ناڕەوا و نامەنتیقی، بەڵکو نەیاری

وشەی کوردستانیشن. هەروەها چونکە زۆربەی بەرپرسە عەرەبەکانی هەرسێ حکومەتی عێراقی نوێ (کاتیی و گواستنەوە وهەمیشەیی) ئیرادەی سیاسییان لە جێبەجێکردنی ماددەکە بەکردەوە نەبووە ونییە، جگە لەوەی کە حکومەتەکانی دەوڵەتە دابەشکەرەکانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بەربەرەکانی ناوەرۆکی ماددەکە دەکەن. بۆیە ماددەکە لە کاتی دەستووریی دیاریکراوی خۆیدا، واتە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ جێبەجێنەکرا و لەوکاتەشەوە تا ئێستا بە واقیعی سڕکراوە و زۆر لایەن و بەرپرسی سیاسی و حکومی عەرەب بەئاشکرا دژایەتی دەکەن، هەرچەندە نابێت هیچ لایەنێکی سیاسی و هیچ ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگاکان و هیچ بەرپرس و کاربەدەستێکی حکومی دژایەتی، نە ئەم ماددەیە و نە هیچ ماددەیەکی دیکەی، دەستوور بکات، ئەگینا دەکرێت بە دژایەتی دەستوور تاوانباربکرێت و لەسەر ئەم تاوانەش بە پێی یاسا سزا بدرێت، وەك هەموو وڵاتانی دەستووریی جیهان.

لەمایەی ئەم دژایەتییە ناڕەوایە و سەرپێچییە دەستوورییە ئاشکرایەی لایەن و کەسە عەرەبە شۆڤینییەکان کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان، کە دەناسرێت بە "ناوچە کێشە لەسەرەکان" (هەرچەندە کێشەکە لە نێوان ڕژێمی بەعسی فاشی و گەلی کوردی ستەملێکراو بووە)، نەك تەنیا ئاڵۆزتر بووە، بەڵکو جگە لە پارێزگای کەرکووك، لە پارێزگاکانی نەینەوا و دیالەش بەشێوەیەکی دژوار تەشەنەی کردووە، بەتایبەتی لە پارێزگای نەینەوا پاش گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن "لیستی حەدبای برایانی نوجەیفی"، بۆیە کێشەی سنووری باشووری هەرێمی کوردستانیش -کە لە

دەستوور یەکلانەکراوەتەوە - بووەتە گەورەترین و گرنگترین کێشەی هەڵپەسێردراو و هەڵواسراو لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی ئیتیحادی عێراق.

لێرەدا دەبێت بزانرێت: کەوا ئێستا تەنیا پێوەری دەستووریی دەستنیشانکردنی سنووری باشوور و باشووری ڕۆژئاوای هەرێمی فیدرالی کوردستان: ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقە. ئاشکرایە کە لایەنە عەرەبییەکان، بەتایبەتی لایەنی عەرەبی سوننی، تەگەرەی زۆریان خستووەتە سەر ڕێگەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) و حکومەتەکانی ئیتیحادی عێراقیش تا ئێستا جیددی نەبوون لە جێبەجێکردنیدا، لەکاتێکدا حکومەتی ئیتیحادی هەمیشەیی (واتە حکومەتی ڕێزدار مالکی) دەبوایە هەم پابەند بوایە بە دەستووری هەمیشەیی و هەم پابەند بوایە بە بەرنامەی کاری حکومەتی ئیئتیلافی و ماددە دەستوورییەکەی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا لە دەستوور جێبەجێ بکردایە، کەچی حکومەتی ئیتیحادی کەمتەرخەمی کردو ئەرکی خۆی لەم بارەیەوە بەجێنەگەیاند. بەڵام بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانە و دروست بۆ مەسەلەکان بکرێت، دەبێت ڕاشکاوانە لاوازیی ئەدای لایەنی کوردستانی و هەڵەکانی لەم بوارەدا، هەروەها کەموکورتییەکانی بناغەی ماددەی (١٤٠)ی دەستووریش واتە ماددەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی گواستنەوە، کە پێویستییان بە چاککردن هەیە — لەچوارچێوەی هەموارکردنی دەستوور بە پێی ماددەی ١٤٢ - بە وردی دەستنیشان بکەین، بۆ ئەوەی تا کاتی گونجاو لەبەر دەست دایە بەدیالۆگ لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی داهاتووی عێراقەوە بە ڕێکوپێکی چارەسەر بکرێن، **چونکە ئەگەر** کەموکورتییەکانی ماددەی (١٤٠) و بناغەکەی بە پشتیووانی کۆمسیۆنێکی ڕاوێژکاریی باڵای کوردستانی چاکنەکرێن و لیژنەیەکی زانا و کارای شیاوی نوێی

کوردستانیش بەدوای جێبەجێکردنیدا نەچیت، **با چاك بزانرێت** ئەگەر هەموو کوردیش هاوار بکات و خەونی پێوە ببینێت و ئەگەر سیاسەتوانی ئەندامی هەموو حزبە سیاسییە کوردستانییەکانیش کۆببنەوە و هاتووچۆی بەغداد بکەن، ١٤٠ ساڵی دیکەش بەم شێوەیەی تا ئێستا تیپەڕیوە بەسەر بچێت جێبەجێناکرێت، چونکە ئەگەر مرۆڤ هەر گرفتێکی لە ژیاندا هەبێت، تەنیا بە دەستنیشانکردنی تەواوی هۆیەکانی گرفتەکە و بیرکردنەوەیەکی واقیعیانە و پشتبەستن بە ڕاوێژکاریی گونجاوی پسپۆڕانی بە توانا و بەجورئەت دەگاتە چارەسەریی دروستی گرفتەکە:

هەروەکو لەسەرەوە شیمانکردەوە ماددەی (١٤٠)ی دەستوور جەخت لەسەر تەواوکردنی جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی کاتیی دەکات، ڕوونیشمانکردەوە کەوا میکانیزمی جێبەجێکردنی کرۆکی ماددەی (٥٨) واتە بڕگەی (ب) تەعجیزییە، چونکە جێگری عەرەبی سوننی سەرکۆمار (ڕێزدار تارق هاشمی)، لە سایەی مەرجی نامەنتیقی ئیجماع، ڕێگرە! جگە لەمەش بەپێی ماددەی (١٣٨)ی دەستوور ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار پاش دەورەی یەکەم، واتە لەم دەورەیەی ئێستادا نامێنێت و بەپێی ماددەی (٧٥)ی دەستووریش سەرکۆمار یەك جێگری دەبێت (نەك زیاتر)، کەوابێت ئەم میکانیزمە سەقەتەش، جگە لە ناکۆکی تووشی بارێکی نوێ و نادیاریش دەبێت و دەبێت لایەنی کوردستانی بە گشتی و سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێم بە تایبەتی باش ئاگاداری ئەم مەسەلەیە بن.

ڕوون و ئاشکرایە، کەوا میکانیزمی دروستی جێبەجێکردنی کرۆکی ماددەی (٥٨) واتە بڕگەی (ب) دەبوایە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە نارەواکانی ڕژێمی بەعس بووایە، کە بوونەتە هۆی دابڕاندنی ناوچەکان لە پارێزگا ئەسلییەکانیان واتە بوونەتە

سەرچاوەی دروستبوونی کێشەی "ناوچە کێشە لەسەرەکان"، بەتایبەتی بڕیاری ژمارە (٦٠٨)ی ساڵی ١٩٧٥ تایبەت بە دابڕاندنی قەزاکانی چەمچەماڵ و کەلار و کفری لە پارێزگای کەرکوك و بڕیاری ژمارە (٤١)ی ساڵی ١٩٧٦ تایبەت بە دابڕاندنی قەزای دوزخۆرماتوو لە پارێزگای کەرکوك و بڕیاری ژمارە (١١٨)ی ساڵی ١٩٧٦ تایبەت بە دابڕاندنی ناحیەی مزوری لە پارێزگای دهۆك و بڕیاری ژمارە (٧٥٧)ی ساڵی ١٩٨٠ تایبەت بە دابڕاندنی قەزای ئاکرێ لە پارێزگای دهۆك و ئەو بڕیارەی ساڵی ١٩٩٦ کە قەزای مەخمووری لە پارێزگای هەولێر پێدابڕاند، نەك ئیجماعی هەر سێ ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار، چونکە کەسێك، یان لایەنێکی شۆڤینی شتێك بەزۆر زەفت بکات، یان هاوڕەگەزەکانی بە زەبری هێز بۆیان دابڕاندبێت چۆن هەروا بە ئاسانی ڕازی دەبێت لەسەر ئیجماعی گەڕاندنەوەی بۆ خاوەنی، یان پارێزگای ئەسلی؟ جا بۆیە ئەم میکانیزمە سەقەتە و ناڕەوایە، چونکە ئیجماعی هەر سێ ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار مەرجێکی تەعجیزییە، نوێنەرانی لایەنی عەرەبی سوننی بە ئانقەست لە یاسای ئیدارەی کاتی و پاشانیش لە دەستوور چەسپاندوویانە، هەربۆیەش جێگری عەرەبی سوننی قەت ئامادە نەبوو و کردی بە بیانووی دەستووریی ڕازینەبوون، بە پاساوی بێ بنەمای یاسایی و مەنتیقی و ناکۆك لەگەڵ خودی ناوەرۆکی بڕگەکە و مەبەستی دەستوور لەم بارەیەوە! بۆیە پەسەندکردنی ئەم میکانیزمە ناکۆکە لەگەڵ مەبەستی سەرەکی ماددەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی کاتی و چەسپاندنیشی لە دەستووری هەمیشەیی بەم شێوە سەقەت و ناڕەوایە دوو هەڵەی یەکجار گەورەبوون، کە نوێنەرانی لایەنی کوردستانی لە کاتی نووسینی یاسای ئیدارەی کاتیی و لەکاتی دانانی دەستووری هەمیشەییشدا لەم بارەیەوە تێیکەوتوون.

لە ڕاستیدا ئەمە "فێڵێکی یاسایییە" کاتی خۆی لە لایەن نوێنەرانی عەرەبی سوننی بەتایبەتی لە نوێنەرانی لایەنی کوردی کراوە! (نووسەری ئەم بابەتە لە٢٠ی تەمووزی٢٠٠٥ لە بانگکردنێکی ڕاوێژکاریی تایبەتدا لە هاوینەهەواری سەڵاحەددین، سەرنجیانی ڕاکێشا بۆ ئەم هەڵەیە و بۆ ئاکامەکەی و بۆ پێویستیی چارەسەرکردنی مەسەلەکە پێش ئەوەی بچەسپێت لە دەستووری هەمیشەییدا). هەروەها جگە لەم هەڵەیە، هەڵەیەکی گەورەی دیکەش لە نووسینی دەستووری هەمیشەیی ڕوویداوە و نوێنەرانی لایەنی کوردی پێی ڕازی بوون، ئەویش بریتییە لە نەمانی جەوهەری ماددەی (٤) ی یاسای ئیدارەی کاتی، کە دروستترین پێوەری دەستنیشانکردنی سنووری هەرێمەکانی تێدا بوو، واتە **ڕاستییە مێژوویی و جیۆگرافییەکان**، بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە کەوا پێوەری ئەم ماددە گرنگە هەرنەما لە دەستووری هەمیشەیی. **بۆیە** ئێستا تەنیا پێوەری دەستووریی دەستنیشانکردنی سنووری هەرێمی کوردستان ماددەی (١٤٠)ە. هەروەها لایەنی کوردی هەڵەیەکی زۆر گەورەی دیکەی کرد، کە ماددەی (١٤٠) لەکاتی دیاریکراوی خۆی لە دەستووردا واتە تا ٢٠٠٧/١٢/٣١ جێبەجێنەکرا، چونکە نە فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و نە پەرلەمان و نە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ کاردانەوەیەکی یاساییان لەم بارەیەوە نەبوو! (هەرچەندە نووسەری ئەم گوتارە، لە دانیشتنێکی ڕاوێژکاریی بەپەلە لە نێوان بەرپرسی لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی پەرلەمانی کوردستان و ١٠ پسپۆڕ و مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین لە بوارەکانی یاسا و سیاسەت و جیۆگرافیا لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١٢/١٥، بۆ ئەم ئەگەرە کە پێشبینیی دەکرا جەختی لەسەر ئاڕاستەکردنی

سکالانامەیەك بۆ دادگای ئیتیحادی باڵا لە بەغداد کردەوە)، چونکە لەو حاڵەتە دادگای باڵا بەپێی یاسا و لەبەر ڕۆشنایی دەستوور و بە تاوتوێکردنی بارودۆخەکە بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە حکومەتی ئیتیحادی پابەند دەکرد بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لە کاتێکی دیاریکراوی دیکەدا، لەبەرئەوەی ئەم دادگایە بەرزترین مەرجەعی دادوەرییە لە عێراق و لێکدانەوەی دەستوور و چارەکردنی کێشە لە نێوان حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەریمەکان لە پسپۆڕیی و کارەکانییەتی (بە پێی ماددەکانی ٩٣ و ٩٤ ی دەستووری هەمیشەیی عێراق)، بەڵگەش بۆ ڕاستی ئەم هەڵسەنگاندنە زانستییە: دانپیدانانی قازی (جعفر ناصر) ئەندامی دادگای ئیتیحادی باڵایە بەم مەسەلەیە، کە لە دیمانەیەك لەگەڵ ڕۆژنامەی (ڕووداو) ژمارە (٩٤)ی ڕۆژی ٢٠١٠/٠١/٢٨ دا بە ڕوونی دەردەکەوێت و گوتوویەتی: *"کەس ئەم گرفتەی نەهێناوەتە لای ئێمە، ئەگینا بە پێی دەستوور چارەمان دەکرد"*. بێگومان قازییەك کە ئەندامە لەم دادگایە، باش لە کار و پسپۆرییەکانی دادگای باڵا تێدەگات و چاکتر لە کەسانی دیکە بەرپرسیی و ئەرکی سەر شانی خۆی و هاوکارەکانی دەزانێت.

بەهەرحاڵ: میکانیزمی جێبەجێکردنی پوختەی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور، واتە ناوەڕۆکی بڕگەی (ب) ماددەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی کاتی کە بووەتە بەشێك لە ماددەی (١٤٣)ی دەستوور، قفڵە. تا ئەم قفڵەش (لە چوارچێوەی هەموارکردنی دەستوور و بە هاوکاری کۆمسیۆنێکی ڕاوێژکاری باڵا و هەوڵی سەرکردایەتی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستان) نەکرێتەوە، گرنگترین بەشی ماددەی (٥٨) کە جەوهەری ماددەی (١٤٠)ە، جێبەجێناکرێت – دەبێت گشت پەیوەندیداران و بەرپرسانی کورد باش لەم ڕاستییە بگەن، هەرچەند تاڵیش بێت. هەروەها تاوەکو

ناوەرۆکی بڕگەی (ب)ش جێبەجێ نەکرێت، ناوەرۆکی بڕگەی (ج) جێبەجێ ناکرێت، چونکە ئاشکرایە تا ئاساییکردنەوە ئەنجام نەدرێت، نابێت سەرژمێریی و ڕاپرسیی لەم بارەیەوە (وەك قۆناخی دووەم و سێیەم) ئەنجام بدرێن، ئەگینا لەسەر حسێبی کورد و کوردستان دەبن. بۆیە پێویستە لایەنی کوردی باش ئاگاداری ئەم مەسەلەیەش بێت. جگە لە مانەش بڕگەی (ج)ی ماددەی (٥٨) کە بناغەی ماددەی (١٤٠)ە، چەند کەموکورتییەکی دیکەی تێدایە. بۆ نموونە: لە بارەی زاراوەی "خاکە کێشە لەسەرەکان "لە نێوانیاندا کەرکوك ...، جگە لە کەرکوك هیچ شوێنێکی دیکە دیارنەکراوە، ئاماژەش نەکراوە بە زاراوەی (پارێزگا)ی کەرکوك، چونکە ئەسلی مەسەلەکە گشت پارێزگای کەرکووکە، نەك تەنیا شاری کەرکوك، هەربۆیەش ڕژێمی بەعس چوار قەزاکەی واتە پتر لە نیوەی پانتاییەکەی لێدابڕاندووە و بەم شێوەیەی ئێستا بچووکی کردووەتەوە. هەروەها پرسیاری **چوارچێوەی** ڕاپرسیی ڕوون نەکراوەتەوە، (چونکە دەبێت لە چوارچێوەی "ناوچە کێشە لەسەرەکان" لە بواری سنووری ئیدارییەوە بێت: واتە لە چوارچێوەی گشت پارێزگای کەرکووکی ئەسلی و لە چوارچێوەی قەزاکانی خانەقین و مەندەلی و شێخان و سنجار و ناحیەکانی تلکیف و قەرەقوش و زمار ... بێت) و دەبێت مەسەلەی قەزای مەخموریش بە جیاو بە زووترین کات و لە دەرەوەی مەسەلەی "ناوچە کێشە لەسەرەکاندا" چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی قەزای مەخموور تا ساڵی ١٩٩٦ کێشە لەسەر تابعییەتی بۆ پارێزگای هەولێر نەبووە دەبوایە ئەم مەسەلەیە و مەسەلەی چەسپاندنی گەڕانەوەی قەزای ئاکرێ بە ڕەسمی و لەسەر نەخشەی دەوڵەتی عێراقیش بۆ سەر پارێزگای ئەسڵی خۆی (دهۆك) هەر پاش پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی چارەسەر بکرابوان. هەڵەیەکی دیکەی بڕگەی

(ج)ی ماددەی (٥٨) چەسپاندنی چەمکی "الأراضي المتنازع عليها" واتە "خاکە کێشە لەسەرەکان"ە، کە هەم لە بواری یاسایی و هەم لە بواری سیاسی ناڕەوایە، چونکە ڕژێمی بەعس ئەم خاکانەی بە زۆر لە ساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٩١ لە خاك و قەوارەی "ناوچەی حوکمی زاتی" و "پەناگەی ئارام" لە کوردستان دابڕیوە و لە بواری دەربڕینیش زاراوەیەکی نەگونجاوو ئیستیفزازی و مایەی نائارامی و ڕك و کینەیە، بۆ چاکردنەوەی هەڵەکان پێویستە ئەم خاڵەش لەبەرچاو بگیرێت و شێوەیەکی دیکەی گونجاو و کۆك بچەسپێندرێت.

بۆیە ئەگەر لایەنی کوردی بیەوێت ماددەی (١٤٠) بەکردەوە جێبەجێبکرێت: دەبێت پێش هەموو شتێك میکانیزمی بڕگەی(ب)ی ماددەی (٥٨) و کەم و کورتییەکانی بڕگەی (ج)ی ئەو ماددەیە چاکبکرێنەوە، ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەی هەموارکردنی بڕگەی (ب) و (ج)ی ماددەی (٥٨) یاسای ئیدارەی قۆناخی گواستنەوە بێت، کە بووەتە بەشێك لە ماددەی (١٤٣) دەستووری هەمیشەیی و کرۆکی ماددەی (١٤٠)ە، بە پێی پێشنیاری لایەنی کوردی (فراکسیۆنە کوردییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)— بە هاوکاری (کۆمسیۆنێکی ڕاوێژکاری کوردستانی باڵا)، کە دەبێت بە زووترین کات لە پێناوی چارەکردنی گرفتی ماددەی (١٤٠) و گشت کێشە هەڵواسراوەکان لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادیدا لە لایەن سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێکبهێنرێت، لە پسپۆڕی لێهاتوو و دڵسۆزی زانستەکانی سیاسەت، یاسا، ئابووری، جیۆگرافیا، مێژوو، کۆمەڵناسیی و سوپایی. ئەم کارەش دەبێت لە چوارچێوەی هەموارکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراقیدا بکرێت، کە دەبێت بە گوێرەی ماددەی (١٤٢)ی دەستوورەوە ئەنجام بدرێت.

هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان (کە ڕژێمی بەعس بە ناهەق لە قەوارەی "ناوچەی ئۆتۆنۆمی" و "پەناگەی ئارام" دایبڕیون) و کێشەی سنووری باشووری هەرێمی فیدرالی کوردستان (کە لە دەستووری هەمیشەیی پێوەریشی یەکلانەکراوەتەوە) بە شێوەیەکی بنەڕەتی: دەبێت ماددەی (١٤٣)ی دەستوور هەموار و تەواوبکرێت، چونکە لە بڕگەی (أ) ماددەی (٥٣)ی یاسای ئیدارەی کاتییێش فێلێکی دیکەی "یاسایی" لە کورد کراوە (یان لە ئەنجامی فشاری دەرەکی نوێنەران قبوولیان کردووە و ئاکامەکەشی گرفتێکی یەکجار سەختی پەیداکردووە)!، لەبەر ئەوەی لەم بڕگەیەدا هەرچەندە دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نراوە، بەڵام لە سەر ئەو خاکانەی (ئەرزانەی) کە لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٠٣/١٩ لە ژێر دەسەڵاتیدا بوون، واتە لە چوارچێوەی " قەوارەی پەناگەی ئارام " Safe Haven) – " دا، واتە بێی ناوچە دابڕێندراوەکان لەلایەن ڕژێمی بەعس. ئەم بڕگەیەش بووەتە بەشێك لە ماددەی (١٤٣)ی دەستوور، بۆیە دەبێت ئەم مەسەلەیەش، واتە کەموکورتییەکەی ئەم بڕگەیەش، کە لە ماددەی (١١٧)ی بنەڕەتی و گرنگی دەستووریش ڕەنگی داوەتەوە، تەواوبکرێت، بە هێماکردن بە پێویستیی دیارکردنی سنووری دروست و هەمیشەیی هەریمی فیدرالی کوردستان (لە سەر بنەڕەتی: ڕاستی بەڵگە مێژوویی و جیۆگرافی و سەرژمێرییە فەرمییە عێراقییەکانی پێش ڕژێمی بەعسی ستەمکار.

ئەم گوتارە لە ژمارە ٢٨ی ساڵی ٢٠١٠ ی گۆڤاری (١٤٠) بڵاوکراوەتەوە.

چەند پرسیارێکی سایتی (سبەی) سەبارەت بە ماددەی (١٤٠)

٢٠١١/١٢/٦

- سپێدە: مەسەلەی خاکی کوردستان، خاڵی سەرەکی ناکۆکی نێوان کوردو بەغداد بووە لەهەموو شۆڕشەکاندا، دوای ساڵی (٢٠٠٣) و رووخانی رژێمی سەدام کورد چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو دۆسیەیە کردوە؟

- ئەم مەسەلەیە دەبوایە لە سێ بوار کاری بۆ کرابوا:

- لەبواری سیاسی: دەبوایە نوێنەرانی کورد پێش رووخانی رژێمی بەعس لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی رێکبکەون، هەم لەسەر یەکلاکردنەوەی پشتگیرییکردنی سیستەمی دیموکراتی و پرنسیپی فیدرالیزم لە عێراقی نوێدا، هەم لەسەر چەسپاندنی پێوەری بنەڕەتی دیاریکردنی قەبارەی هەرێمی کوردستان — راستی و بەڵگە جیۆگرافی و مێژوویی و سەرژمێرییە رەسمییە عێراقییەکانی پێش خۆسەپاندنی رژێمی بەعسی ستەمکار، واتە سەرژمێریی ساڵی (١٩٥٧) - و هەم لەسەر راستکردنەوەی سنوورە ئیدارییە شێواندراوەکانی پارێزگاکان لەساڵانی ١٩٧٥ و ١٩٧٦ لەلایەن رژێمی بەعس بەگشتی و ئەو پارێزگایانەی زۆربەی دانیشتووانیان کوردن (کەرکووك و هەولێر و دهۆك) بەتایبەتی. چونکە مەسەلەی سنووری ئیداری گۆڕاوی پارێزگاکان هەردوو پارێزگای کەربەلا و بەغدادیش دەگرێتەوە، بەدەستهێنانی پشتیووانی لایەنە سیاسییە عەرەبییە شیعییەکان لەم بارەیەوە ئاسان بوو.

* لەبواری یاسایی (دەستووری): دەبوایە لە تەك دەستنیشـانكردنی ڕاسـتی مێژوویی و جیۆگرافی لە "یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناخی گواستنەوە"، وەك پێوەر بۆ دیاریكردنی قەبارەی یەكە فیدرالییەكان لـە مـاددەی (٤)، پێـوەری سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧)یش بۆ ئەم مەبەستە بچەسپێندرایە. هەروەها نەدەبوایە دانپێدانان بە هەرێمی فیدرالی كوردستان لـە بڕگـەی (ا)ی مـاددەی (٥٣)ی ئـەو یاسایە (كەوەك دەستوورێكی كاتی بوو) لە چوارچێوەی "پەناگـەی ئـارام" تەسـك بكرێتەوە، واتە تـەنیا ئـەو ئەرزانـەی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان لـە ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/١٩ دەسەڵاتی بەسەردا هەبوو، چونكە ئەمـە بـە ئاشـكرا چەسـپاندنی وەلاانی ناوچە دابڕێندراوەكانە، هەروەها نەدەبوایە بڕگەی (ب)ی مـاددەی (٥٣) لەلایەن نوێنەران و بەرپرسە باڵاكانی كوردەوە پەسەندكرابوایە، چونكە ئەمەش بـە ئاشكرا دانانی كۆسپێكی دوو ساڵیی بوو لەبەردەم جێبەجێكردنی جەوهەری بڕگەی (ب)ی ماددەی (٥٨)ی ئەم یاسـایە، كـە پێوەسـتە بـە چارەسـەركردنی سـنوورە ئیدارییە گۆڕاوەكانی پارێزگاكان. هەروەها نەدەبوایە میكانیزمی جێبەجێكردنی ئەم بڕگەیەی ماددەی (٥٨)، كە بریتییە لە كۆدەنگی (اجماع)ی دەستەی سـەرۆكایەتی كۆمار، لەجیاتی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكانی "**مجلس** قیادەی بەعس" سەبارەت بەم كـردەوە زۆرەملێیـە نارەوایـەی ڕژێمـی ڕووخـاو، لەلایـەن نوێنـەرانی كـوردەوە پەسەندبكرابوایە، چونكە ئەمـە مـەرجێكی تەعجیزییـە و گـەورەترین تەگـەرەی یاسایی بەردەم جێبەجێكردنی جەوهەری ماددەی (٥٨)ە، كە پاشان بووە بنـەمای ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق. هەروەها نەدەبوایە ئـەم هـەموو هەڵە و نارەواییانە پاشان لە دەستووری هەمیشەییش بچەسپێندرابووان - لە جیاتی

چاككردنەوەيان، لەمەش خەراپتر پێـوەری دروسـتی ديـاريكردنی قـەبارەی يەكـە فيدراڵييەكان كە لە "ياسای ئيدارەی دەوڵەت دا هەبوو، لە دەستووردا هەر نـەما!! نەدەبوا (ناوچە دابڕێندراوەكان لـە هـەرێمی كوردسـتان) نازنـاوی "ناوچـە كێشـە لەسەرەكانی" بەسەردا بسەپێندرێت و ئاواش بچێتە نێو دەستوور(...) .

* لە بواری سوپايی: دەبوايە پێداگريی لەسەر بوونی هێزی هاوبەشی هـەردوو حكومەتی فيدراڵی و هەرێمی كوردستان لـەو ناوچـانە بكرێـت، بـەلای كـەم تـا يەكلاكردنەوەی مەسەلەكە، تا خەڵكەكە لـە لايـەن تێرۆريسـتان و شۆڤينيسـتانی عەرەبەوە چيديكە لەناو نەبردرابووان و نەتۆقێندرابوون و جارێكی ديكـە ئـاوارە و دەربەدەر نەكرابوون و پرۆسەی ڕەگەزپەرستانەی بەعەرەبكردن (تەعريب)ی ناوچـە دابڕێندراوەكان، بە شێوەيەكی ديكە بەردەوام نەبوايەو نەبێت.

- ماددەی (١٤٠) كە تايبەتە بە كێشـەی ئـەو ناوچـانەی كـە لەكوردسـتان دابڕێنراون، بەستنەوەی خاك بە مادەيەكی دەستوورو راپرسيەوە، ئاليەتێكی گونجاو بوو، يان دەكرا كورد ڕێگەی ديكە بگرێتەبەر؟

* لە ڕاستيدا بنەمای ماددەی (١٤٠) بۆ چارەسەركردنی دەستووريی گـرفتی سـنووره ئيدارييـە گۆڕاوەكـانی هـەموو پارێزگاكـانی عێراقـە بـە گشـتی و بـۆ چارەسەركردنی كێشەی ناوچە دابڕێندراوەكانی هەرێمی كوردسـتانە بـە تايبـەتی، بەڵام نيوەچڵ و ناكۆكە. دەكرا دەستنيشانكردنی قەبارەی هـەرێمی كوردسـتان بـە پێی ڕێكەوتنێكی تايبەت بە شايەتی و مسۆگەريی چەند دەوڵەتێكی گرنگ بوايە، وەك پاشكۆيەكی "ياسای ئيدارەی كاتی"، يان لە ڕێگەی ماددەيەكی ديكـە يـان

میکانیزمێکی دروست بوایە: لە هەردوو حاڵەت بە چەسپاندنی پێوەری سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧، بۆ دەستنیشانکردنی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی — عێراق.

- سپێدە: بۆ بەدواچون و چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە چەندین لێژنەی باڵاو لێژنەی پەرلەمانی و لێژنە لەلایەن حکومەتی عێراق و هەرێمەوە پێکهێنرا، رۆڵی ئەو لێژنانە چۆن دەبینیت، پێشنیاری تۆ چییە بۆ بەدواداچونی ئەو دۆسیەیە لەلایەن سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی کورد لەبەغداد؟ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەو مادەیە چۆن چوونەتە پێشەوە؟

* بواری کارکردنی ئەم لێژنانە گونجاو و لەبارنەبووە، هەروەها رۆڵی زۆربەیان لە ئاستی گرنگیی مەسەلەکە و بەرپرسیارییەتی ئەرکەکە نەبووە. وەڵامی ئەم پرسیارە بە وردی لە تەوەری یەکەمی لێکۆڵینەوەکەی هەڵسەنگاندندا روونکراوەتەوە.

- سپێدە: یەکێکی تر لە کێشەکانی کورد لەگەڵ ناوەند، مەسەلەی رێژەی راستەقینەی کوردە لەعێراقدا، بێگومان ئەوەش بە سەرژمێری دەکرێت، بۆچی تائێستا ئەو سەرژمێریە نەکراوە، مەترسی هەیە لەسەر ئاشکرابوونی رێژەی راستەقینەی هەر پێکهاتەیەك لە عێراقدا؟

* پێوەری زانستی و دروستی زانینی رێژەی گشت پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دانیشتووانی هەموو دەڤەرەکانی دەوڵەتی عێراق سەرژمێرییە (سەرژمێرییەکی پاك و چاك، واتە رەوا)، کە دەبێت دەزگا و دەستە و لێژنەکانی سەرپەرشتیکردن و بەرێوەبردنی روون و هاوسەنگ و دادپەروەر بن، لەژێر چاودێری چاودێرانی نێودەوڵەتی بێلایەن ئەنجام بدرێت. بەڵێ بە رای من هۆی سەرەکی

پەکخستن و دواخستنی پرۆسەی سەرژمێری ئاشکرانەبوونی ڕێژەی ڕاستی کورد و تورکمان و کلدان و ئاشووریە، بە تایبەتی کورد، پێش هەموو شتێك لەبەر کێشەی ناوچە دابڕێندراوەکان، هەروەها لەبەر هۆی دیکەش: ژمارەی ڕاستینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بودجەی واقیعی هەرێم و مەترسیی ئاشکرابوونی ناتەواویەکان و بەعەرب دانانی کەمەیاتییە نەتەوایەتی و ئایینییەکان، بە تایبەتی لە سەرژمێرییەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس.

- سپێدە: کوردو سەرکردەکانی چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئەو دۆسیەیە کردووە، چۆن دانوستانەکانی لەوبارەیەوە بەڕێوەبردووە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی؟

* ئەو سەرژمێریە چەند گرنگە بۆ کورد، ڕۆڵی دەبێت لەکارئاسانی بۆ قۆناغی دووەمی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) کە ئەنجامدانی سەرژمێریە؟ یان ئەو مەسەلەیە یەکلادەکاتە کە ساڵانە کورد چەند بەشی خۆی لە بودجەی گشتی عێراق وەربگرێت؟

* وەڵامی ئەم دوو پرسیارە لە تەوەری سێیەمی هەڵسەنگاندنی ناوبراو دەردەکەوێت.

- ڕێژەی راستەقینەی کورد لەعێراقدا، پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە دیاریکردنی کورسیەکانی کوردو ڕێژەی نوێنەرایەتیان لەدەزگا تەشریعی و تەنفیزیەکان، تۆ لە باسێکتدا دەڵێیت لەو مەسەلەیەشدا فێڵ لە کورد کراوە؟

* ئەم تێزە لە تەوەری دووەمی هەڵسەنگاندنەکە بە دوورودرێژی باسی لێوەکراوە.

- لەدانانی یاسای هەڵبژاردنەکاندا تاچەند نوێنەرانی کورد سەرکەوتوو بوون؟ توانیویانە کورسیەکانی سێ پارێزگاکەی هەرێم و رێژەی نوێنەرایەتی کوردو هەرێمی کوردستان مسۆگەر بکەن؟

* ئەمەش لەتەوەری دووەمدا ڕوونکراوەتەوە.

- سەبارەت بەکۆی کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغدادا، چەندین شاندو لیژنە پێکهێنراون بۆ دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، ئایا نوێنەرانی کورد لەدانوستانەکاندا چەند سەرکەوتوبون؟ چەند توانیویانە ئیدارەی دانوستان و گفتوگۆکان بەڕێوە ببەن؟ یان چەند پەندیان لە بەڵێنە زارەکیەکان و شکستەکان لەو رووەوە وەگرتوە؟

* بە ڕای من نوێنەرانی کورد لە گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی، بە تایبەتی لەبارەی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، سەرکەوتوو نەبوون. هۆی سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کۆمسیۆنێکی ڕاوێژکاریی باڵا (کە پێویستە پێکبهێنرێت لە شارەزا و پسپۆرانی کارا و لێهاتووی زانستەکانی: سیاسەت، یاسا، ئابووری، مێژوو، جیۆگرافیاو سوپا، بۆ ڕاوێژکردنی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم لە پێناوی چارەسەرییەکی ئاشتیخوازانە و دەستووریی ئەم کێشانە بە تایبەتی و گشت گرفتەکانی ڕێڕەوی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقی نوێ بە گشتی.